کتیبه‌ی نی

# کتێبی نە

کەریم دەشتی

دەزگای مۆزیك و کەلەپووری کورد

زنجیره کتێبی دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد ● ژمارە (٣٧)

خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری ● سەرنووسەر: هەنگاو ئەنوەر شێخانی
ئەنجومەنی راوێژکاری: پ. د. شوکریە رەسووڵ، مەحموود زامدار، سالار عوسمان

ناوی کتێب: **کتێبی نەی** (شیعر) ● شاعیر: **کەریم دەشتی**

تایپ: ؟؟؟؟

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: **ئاسۆ مامزادە** ● وێنە: **چیمەن حەسەنی**


وێنەی شاعیر: **ئاشتی عەدۆ**

سەرپەرشتی چاپ: **دەرباز مامەند ئاغا رەواندزی**

چاپ: **چاپخانەی موکریانی** ● چاپی یەکەم: **هەولێر، ٢٠٠٩** ● تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (؟؟؟؟؟)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە.

ناونیشان: هەولێر - ژێرزەمینی کتێبخانەی گشی - بەرامبەر وەزارەتی تەندروستی.



# گەوهەری
# ١

# باز

## ١ ـ رەگەزی باز

رەگەزی باز بەفرو باران و درەخت و تەمتومانە
رەگەزی باز رێیەکی دەچێتەوە ئاسمان
رێیەکیشی دەچێتەوە سەر قەرەجان
رەگەزی باز هەندێ جار دەڵێی لە بایە
هەندێ جاریش لە بروسک
هەر شتێ بەرز بنوێنێ
رەگەزی باز ئەلەوێدا سەر دەردێنێ..

## ٢ ـ سەحەرەکانی باز

له ترۆپکەوە سەیری رەوەزی شاخ‌و داخ دەکا
بیر لەو هەموو ساتانە دەکاتەوە
چەند سەختەندازی بڕیوە
بیر لەو ئاسکانە دەکاتەوە کە بە شاخەوە هەڵدێران
رامانێکی قووڵ دایدەگرێ
گوێبیستی ناخی خۆی دەبێ
لە شەقەی باڵ دەداو دەفڕێ

## ٣ ـ فڕینەکانی باز

ئاسمان بەشی مەودای باڵەکانی ناکا
لەوەوە دێت کە ئەو دەیەوێ هەمیشە بەرز بفڕێ
بیر لەو ترۆپکانە دەکاتەوە دیارن‌و دیارنین
بیر لەو رووبارانە دەکاتەوە کە بەسەریانا رەت نەبووە
بیر لەو بارانە دەکاتەوە کە جەستەیان نەشوشتووە
باز کە دەفڕێ ئەوساکە زەوی دەناسێ

## ٤ ـ سەفەرەکانی باز

کەس نازانێ سەفەری باز بۆ کام لایە
بۆ کام کێڵگەی هەورو بایە
سەفەری باز هەمیشە بۆ نادیارییە
سەفەری باز هەمیشە بۆ منارەکانی ئاسمانە
کە لەوێدا دەگا بەوەی نهێنییەکانی ئەوی لایە


کتێبی نە

## ٥ ـ بەرزبوونەوەکانی باز

کە تێکەڵی هەور دەبێ جەستەی دەبێتە چلوورەو
کە تێکەڵی باران دەبێ ئەوسا پەڕوپۆ دەردەکا
کە تێکەڵی بەفر دەبێ هاڵەکۆکێکی سپییە
کە تێکەڵی چیا دەبێ دەبێتەوە بازی جاران
کاتێک قاچی دەکەوێتەوە سەر زەوی
کۆتایی دێ...

## ٦ ـ سەراوەکانی باز

که دەچێتەوە سەراوان دەبێ بە مایین
که پیاسە بە سەراوان دەکا
دەبێ بە کۆمەڵە تیشکێ
هەر تیشکێکی رەوە مەلێ
که باز دەچێتە سەراوەکان
جگە لە جوانی هیچی دیکە نییە


کتێبی نە

## ٧ ـ بێچووەکانی باز

باز لە پەنا هەر هەورێ هێلکەییێکی داناوە
لەژێر هەر پەلە بارانێ نەوەیەکی شاردۆتەوە
باز لە پەنا هەر کەڤرێکا بێچوویێکی دروستکردووە
باز لەبن هەر رەوەزێ پەڕێکی جێهێشتووە
باز نەوەیەکە بڕانەوەی بۆ نییە

## ٨ ـ خەمەکانی باز

گەورە خەمی باز ئەوەیە
لە بەرزەفڕینی خۆیا هەرگیز تەواری لانییە
چونکە بەرزەفڕی پێویستی بە تەنهاییە


کتێبی نە

## ٩ـ نهێنییەکانی باز

نهێنییەکانی باز ئاشکران
بە قەد دەریاکان گەورەیە کە لە چاو ون دەبێ
ئاشکراییەکانی باز نهێنین
نهێنییەکانی باز وەک دەفتەری سیحر وایە
کە دەیکەیتەوە باڵ دەگرێ..

## ١٠ ـ تەنهاییەکانی باز

تەنهایی باز لەوەوە دێت
کە ناگاتە دیوە دوورەکانی ئاسمان
لەوەوە دێت جارێکی دی نەگەڕێتەوە سەر زەوی
لەوەوە دێت کەون بەشی باڵەکانی ناکات
تەنهایی باز کوشندەیە
کە کەسێ وەک خۆی نابینێ
بەو تەنهاییەشەوەیە کە باز... بازە

## ١١ ـ گریانەکانی باز

باز لە هێلانەیا دەگریێ
باز کە بەسەر ترۆپکەوەیە دەگریێ
باز کە بە سەراوەکانەوەیە دەگریێ
کە پێی دەگاتە سەر زەوی دەگریێ
هەر کاتێ باز باڵی لە شەقین بکەوێ
گریانی کەون دادەگرێ

## ١٢ ـ مەعشوقەکانی باز

ئەو ڕۆژە کە مەعشوقەکانی خۆی بردە سەفەری بەرزەفڕی
هەموو لە خۆرەتاو سووتان
مەعشوقەکانی باز باران بوون چوونەوە هەور
مەعشوقەکانی باز باخچە بوون چوونەوە بەهەشت
مەعشوقەکانی باز وێنە بوون چوونەوە ئاوێنەی کەون
باز ئێستاکە بە تەنها لەبەر ئاوێنە خۆی دشوا


کتێبی نە

## ١٣ ـ یاداشتەکانی باز

یاداشتی باز بریتی بوو لە تیشکی چاو
بەسەر زێمارەکانەوە
لەو ڕۆژەوەیە ئەم کەونە شەوقو شەباقەی ئەزەلە
تاریکی تیادا نەماوە
یاداشتی باز ئاگرێکی ئەزەلیە
لە شریخەی باڵەکانیدا هەڵدەچێ

## ١٤ ـ پاییزەکانی باز

پاییزی باز کە بەهار دێ دەست پێدەکا
کە بەهار دێ گەڵای ڕۆحی ئەو دەوەرێ
چونکە لە بەهاردا سەفەرە دوورەکانی خۆی دەکاو
ناتوانێ تێری چەمەن بێ


کتێبی نە

## ١٥ ـ ڕەنگەکانی باز

کە دەچێتە ناو دڵی خۆر
ئەوسا دەبێتە باخچەی ڕەنگ
باز کە لە چاوان ون دەبێ
ئەوسا دەبێتەوە شەبەنگ
باز تەنها لە بەرزیدا ڕەنگی هەیە
ئەو کاتەش دونیا خاڵی دەبێ لە ڕەنگ

## ١٦ ـ بارانەکانی باز

بازی بازان تەنها دوو باران دەناسێ
بارانێ لە پیری کە چاوی پڕ شەوقو گەشی ئەو تەڕ دەکا
بارانێ لە بەرزی کە باڵی شەڵاڵی فڕین دەبێ
سەردانی ئاوێنەی خوا دەکا

## ١٧ـ سووتانەکانی باز

ئاوازی لە باران، دەنووکی لە زێڕی خۆرەتاو
دووباڵی لە زیوینی چیاو هەبوونی لە ترۆپک
ئەو شەوە خەمێکی کوشندە فڕینی دەسووتان
ناڵەییێکی سەردا وەک ناڵەی نەوای نەی
وەک باخی نقوم بوو لە پاییز
ئەو شەوە مانگ رما
باز فڕی.. هەر فڕیو هەر فڕی
تا گەیشتە سکڵی خۆرەتاو
لەو سەرەوە خۆڵەمێشی گەرمی بازی من هاتەوە
تەرمێک بوو زیندووتر لە باخی جاویدان

## ١٨ ـ ئێوارەکانی باز

باز سپێدەکانی خۆی سپاردە گیا
لە ئێوارەکاندا چاوە گەشەکانی دەکاتەوە
باز سپێدەکانی داوە بە شەهێن
لە ئێوارەکاندا دڵی دەکاتەوە
باز سپێدەکانی خۆی داوە بە چیا
لە ئێوارەکاندا دڵی دەکاتەوە
هەڵدەفڕێت و گیانمان پڕ لە حەنین دەکا


کتێبی نە

## ١٩ ـ توڕەییەکانی باز

باز لە تووڕەبووندا دەکەوێ و هێزی باڵەکانی دەشکێ
باز لە تووڕەبووندا چاوە گەشەکانی کز دەبێ
باز لە تووڕەبووندا بەرزایی لەبیر دەچێ
باز لە تووڕەبووندا ترس دایدەگرێ
باز تەنها بە رامانەوە بازە و دەتوانێ بەرز بفڕێ

## ٢٠ ـ کەوتنەکانی باز

کە بوومەلەرزە لوتکەکان رادەماڵێ باز دەکەوێ
ترۆپک و یال ئازیزترین کتێبی بازە
کە لافاو دارستانەکان دادەپۆشێ باز دەکەوێ
درەخت خۆشترین ماڵی بازە
کە زریان دامێن دادەگرێ باز دەکەوێ
باز بە دامێنەوە جیاوازی بەرزی و نزمی خۆی دەزانێ


کتێبی نە

## ٢١ ـ غەریببیەکانی باز

ئێوارەبوو باز هەڵفڕی
ئەوە دوافڕینی بازم بووو دواگەشتی بۆ رامان
باز لە تاقی دووری ئاسمان
ناکاو زەوی بیر کەوتەوە
لانەو ترۆپکی هاتەوە یاد
هێندە بەرزبووبوو ئەندێشەی زەوی بۆ نەدەکرا
غەریبیەک دایگرت
هێندەی دی بەرزی ئاسمانەکانی کردەوە..

## ٢٢ ـ باڵەکانی باز

پەڕی باڵەکانی ئەو بازە
هەندێ لە بەهەشت
هەندێ لە دەریا و
هەندێکیشیان لە بنی قەڵادا رسکاون
لەبای تووش و وەیشوومەی ئاسمانان
بڕستی ئەبەد و ئەزەلیان گرتووە
هەر بۆیەش باز نییە لە زەوی کەوتبێ
یەکە یەکەیان لە ئاسمان مردووە


کتێبی نە

## ٢٣ ـ ئەشقێنی باز

سروتی ئەشقێنی باز وەکو نەی دادەڕژێ
کە تەوار دەبینێ
دەنگ و سەدا لە فڕین بەسەریا دادەپژێ
دەنووکیان تێکەڵی مەی دەکەن
شاباڵیان لە خەنەی ناوماڵی ئەرخەوان سووردەکەن
خۆیان بۆ ماچ و موچ
ئامادەی فڕینی ئەبەدی دوور دەکەن

## ٢٤ ـ خەڵوەتەکانی باز

کە بازی ناو بازان ئێوارە دەسپێرێتە باڵ و
شەوانە دێتەوە
دەفتەری کرێشمە و رامانی خۆی دەکاتەوە
بە دوای دوورترین شوێن دەگەڕێ کە هەیە و نایگاتێ
بە دوای کپترین یاڵ دەگەڕێ و دیار نییە
بە دوای توندترین با دەگەڕێ تێکەڵی ببێت و نایبینێ
کە چاو لە رامانی زۆر قووڵی بەردەدا
سپێدە گەیشتۆتە سەرشان و لاباڵی
دووبارە لە شەقەی باڵدەدا


کتێبی نە

## ٢٥ ـ گۆرانیەکانی باز

باز بە باڵ گۆرانی خۆی دەچڕێ کە دەفڕێ
بالۆرەی بازەکان بۆ خۆرو تەمتومانی سپی هەورانە
بۆ تەواری چەمو بارانە
ئەو لە کاتی چڕینا باڵدەگرێ
تا دەگاتە خۆر و ئاگری ئەزەلی خۆی دەگرێ
تا ئەبەد دەبێتە فەنەر و شەوق و نور
لە شەوی بەفراوی ناو فەزای بێ سنوور

## ٢٦ ـ سەرابەکانی باز

پاش گەڕانی هەزاران ساڵ
بەناو گەرد و کێو و ئاسمان
لە دوای شکار دوای کەوتن و هەڵسانەوە
باز بە خۆی و برینەوە
سەری لە زێدی جارانی خۆی دایەوە
بەڵام لانە و پەنا و پەسێوی
کەوتبوە بەر تەمتومانی خەمی رۆژگار


کتێبی نە

## ٢٧ ـ زیندانەکانی باز

گەورەترین زیندانی بازان
ئەو ڕێیانەن ئاسمانیان بە ئاستەم دیارە
ئەو شەوانەن سپێدەیان بەسەرا نایێ
گەورەترین زیندانی بازان
ئەو نیشتنەوە بێ ئاکامەن فڕینیان بەدواوە نایێ

# ٢٨ ـ وەسیەتەکانی باز

پیری هات ئیتر باز پەڕپەڕی باڵانی
بە دەستی زریانێ خستەوە کاڵانێ
بە باران دوا وەسیەت
دوا قسەی بۆ تەوار ناردەوە
ئەوەبوو
مەنیشن لە نیشتن لوتکە رێزتان ناگرێ
چون ژیان هەر بە فڕینەوە جوانە

# کتێبەکان

## کتێبی ئاو

له ناوەندی زێ و زێماری خاکی شکاو
پەیکەرێکم بۆ باران لەگیا دروست کرد
بەدیارییەوە هاوارم کرد ئەی ئاو ئەی ئاو
تۆ رەمزی حیکمەتو پیرۆزەی ئاسمانی
کەچی ئێمە دەتخۆینەوە
بێباکانە چڵکی دەروونمان بە پاکترین دڵۆپی تۆ دەشۆینەوە


کتێبی نە

## کتێبی فیراق

قامیشەڵانێکی سەوزی تەڕی نەوا
لە غەریبستانێکی دوورو گریانبارا
هەمیشە لەبەربا پەڕپەڕ دەبێ
هەر پەڕێکی دەچێتەوە نیشتمانێ
هەرحەرفێکی گریەی ناو سینەی ئینسانێ

## کتێبی ساقی

ئەوەندەی جام نابووە لەپی لەپشت پەردەی جوانیدا
دەتگوت کاسەیێ کەوکەوە
پڕ لە شەراب پڕ لە بخوری ئاسمانی
کە هەڵدەڕژایە ناو کۆڕی مەیبەدەستان
دونیا یەکپارچە سووردەبوو
بەڵام ئاخ یادەوەریم بەسەر گۆڕەکەی خەیامدا
تا دەهات کپو دوور دەبوو



کتێبی نە

## کتێبی نیتشه

هەمووومان زنارەکەی زەردەشتمان لە کەمەر کردو
لە ئاوبارە پیرۆزەکانەوە بەرەو کچی خۆرەتاو وەستاین
شەوێکی درێژو تاریکمان بەسەردا هات غەرقی ئەبەد بووین
تا ئێستاش بە ماڵەکەی خۆمان ناکەوینەوە
لە بەرپای ئەم وجوودەدا بێهودە دەسورێینەوەو ناگەینەجێ
هەرگیز ناگەینەجێ

## کتێبی مەلەکوت

کە با هەڵدەکاتو رێ رێ دەچێتە ناو خوێنمانەوە
هەست بە دێڕو پیتی نادیاریت دەکەین
لە کوێی هەمیشە تێکەڵی هێمنی خاکمان دەکەی
دەمانبەیەوە تەنهایی
دەمانکەیەوە بە گیاو باوەشێ ئێسقانی پەڕپووت
تۆ لە کوێی ئەی  جوانترین شاهی مەلەکوت

## کتێبی نەی

ئەوشەوە بایێکی کوشندە
خەمپڕژێنی چیای دەکرد
کۆتەرەو کۆنە درەختی دەبردەوە ناوماڵی عەدەم
نەوایەک داگیرسا
کە رۆحی مرۆڤی دەخستە لەرزەوە
لەو شەوە پڕ سامو شکۆیە بوو
کە نەوای غەریبی پشتاوپشت نەوە بە نەوە هاتووە
تێکەڵی رۆحی ئینسان بووە

## کتێبی شەراب

پەیمانێکی موقەدەس بوو لەگەڵ شەیتان
وەکو چەند پۆلیە فاوستێ
بۆتە زیوی زەینی ئینسان
بۆتە شەوقی دڵی کەونو سپێدەی بیر
هەزار ساڵە پەڕەی پەمەیی‌و هەناری
ئەم کتێبە هەڵدەدەینەوە
دێرێکمان پێ نەخوێندراوە
دەیخۆینەوە ئەویش ئێمە دەخواتەوە
وەک دوو دۆستێ ناکۆکو دژ
نە پێکدەگەین نەتێکدەگەین لە یەکتریش نابینەوە



کتێبی نە

# کتێبی زەعیم

هێشتا زەعیم لە ماڵەکەی هەموومانە
لە هزرمان دێتە دەرێ دەکەوێتەوە ناو دڵمان
کە لە دڵمان دەریدێنین دەکەوێتەوە ناو سەرمان
زەعیم وێنەی لە دەفتەری هەموومانە
زەعیم بۆتە ئەبەدی لە شارەکەم
زەحمەتە وا زوو بیربچێتەوە
زەعیم لە مێژە مردووە
بەڵام ئێمە پێمان وایە هێشتاکە هەروا زیندووە

## کتێبی مردوان

ئێمە هەمیشە لە قەڵاوە سەیری مانگ دەکەین
پێمانوایە ئەوێ کۆتایی دونیایەو
ڕوونایی مانگ لەوێ زیاتر جیلوەی هەیە
لەوێ  بەرەو خلود دەچین
نەمانزانی سینەی ئایندە پڕی مانگی جوانە
ئێستا کار لە کار ترازاوە لە قەڵاشەوە دابەزین
ئەو مانگە هەر لە خوێنو بوونمانا دەژی
بۆ ئایندەش بەرێکەوین ئەو مانگە هەر لەگەڵمانە
تا ئێستاش خوانی رابردوو بۆ ئێمە وەک خۆی جوانە

## کتێبی وەسوەسە

نیوە شەوێک سەیری ئاوێنەم کردو
بیری زولەیخا کوشتمی
لە ئاوێنەکەم نزیکتر کەوتمەوە
زولەیخا وەک بەفر تاوایەوە
نزیکتر کەوتمەوە زولەیخا هەر نەما
کە دیقەتمکرد لەیەککاتدا
هەمخۆم بوومو هەم زولەیخا
لەو رۆژەوە من یوسفی نەرسۆسم

## کتێبی گریان

دەستێکە هەمیشە لە ئەژنۆ
دڵێکە مەکۆی خەمان
سینەییێکە لەکۆستو کوتان
ئای دایە چەند یادت دەکەم

## کتێبی منارە

هەموو تەمەنی بۆ رمانو هەڵوەرین تەرخانکردوە
هەموو خشتەکانی بۆ شکان هەموو بینایی بۆ رمان
وەک کچێکی قەیرە هەر لەیەکەم عەشقی دادەژی
نە لەپێ دەکەوێ نەهەڵیشدەچێ بۆ ئاسمان

## کتێبی نەیژەن

کە با هەڵیکرد زۆر گەڕاین
بەدوای قامیشێ دڵمان ئاسوودە کاتەوە
بەڵام کە نەی بە جلی پاییز هاتەوە
ئێمە تازە لە ناشتنی تەرمی نەیژەن بووبووینەوە

## کتێبی ئاوی میری

قەڵەمەکەی لە ئاوی میری هەڵدێناو دەشتایی دەنووسیەوە
دەمی لە دەمی حاجیلەکان دەناو
لەبەردەم باخی شار دەچەمایەوە
دێ دێو گەڕەک گەڕەکوماڵەو ماڵ
دڵۆپ دڵۆپ دەڕژایە خوێنی شارەوە
سەری لەشارستانیەت سپی بوو

## کتێبی خانمان

که پڕ دەبێ لە خوێن دەیپەرستن
دەیکەن بە تەوتەمی خۆیان
هەر بەو خوێنەوە دەچنەوە باخچەکانی ئەپیکۆر
تاگوڵی ئاڵی جەستەیان ئاو بدەن
دەبێ ئەو تەوتەمە لە ڕۆحیان بەتاڵ بکەن

## کتێبی ئەشکەوت

دەنگێک هەمیشە بانگ دەکا
سەدایەک هەمیشە دێتەوە
کەڤرەکان بانگ دەکەن
سەداکان دێنەوە
گیاکان کەروێشکە دەکەن سەداکان دێنەوە
ئەمە غەرق بوونێکی قەدەریە کە ئینسان
بە تەنها گوێی لە سەدای خۆی ببێتەوە

## کتێبی سیحر

که دەکرایەوە هەموویان
بۆدلێر، رامبۆ، بورهان جاهید
یەک یەک لەنێو پەنجەکانیا دەکەوتنە خوارەوە
دونیا پڕ دەبوو لە جادوو لە سروتی جوانی بخور
که دادەخرا گەڵای شەو هەڵدەوەری
بخورێکمان دادەگیرسان لەناو ناڵەو دەفی دەروون
لەگەڵیانا رادەبردین پاشان بەرەو فەنا دەچووین

## کتێبی ڕۆح

بەر لە هەزاران ساڵ بوو شکا
هەر پارچەی کەوتە جەستەیێ
ئێستێش کە مرۆڤ هاواردەکا
شکانێ دەزرینگێتەوە
لەشکانی ئێسقان دەچێ
لەشکانی دەقی گوڵەگەنم دەچێ کەبا بەسەریا هەڵدەکا
بۆیێ کە مروف دەگریێ دەگەڕێتەوە ئەسلی خۆی

## کتێبی مەستی

ئەو مەلەی بەسەر درەختی رۆح هەڵنیشت
دەنووک دەنووک خوێنی ئەو رۆحەی هەڵدەمژی
مەست بوو کاتێ دەیچریکان
چریکەییێک پڕ لە گریان
گۆرانی نییە ناڵەیە
شەکەتی ئینسان ساودەدا
بێهودە خۆی دەبڕێتەوەو درەختی ئێمە ئاودەدا

## کتێبی مانگ

هەر بە تاقی ئاسمانەوە
دەڵێی نقێمی سەرپەنجەی فریشتانە
ئەو رۆژەی کە مانگیان دزی
فریشتە پرچیان رنیەوەو ئاسمان شکا
بارانێ باری لە قەتران
بێهودە نییە وەک قەتمیر
رەشبۆتەوە سینەو دەروونی زۆر ئینسان

## تێبی کوێران

نزایێ لەقوڵایی خوێندا بە چرپە سەردەدا
ئاسمانان شەقدەکاو کۆڵەگەی هەبوونمان لەقدەکا
نارەزایی رۆحە لەم کەونە
دڵنیان کێ بینایی ئەوانی نەداوە
هەربۆیەش شەڕی وان زۆر سەختە
لە بەرامبەر کەسێ نەسیمای دیارەو نەبوونی
لایانوایە ئەوان
درەختێکی زڕن لە کتێبی زەبوونی

## کتێبی قەڵا

بروسکێ بوو لە شمشێری شکاوی ئەسکەندەر
شەوقێکیش لە خوودەکەی زەینەفۆن
ئاوێنەی حۆری بوو لە باخەڵ
جامێ مەی لە دەستی شاژنی میدیا
کە ئەوانەی بیرکەوتەوە تازە بەهار
داوداو لە دامێنی قەڵا
لەژێر خشتە رماوەکاندا سەری دەردێنا
هەناسەییێکی هەڵکێشا وەک ئاگرو ئاگریداغ
ئەو رۆژەماڵی خۆی بردەوە گۆڕستانی چراغ

## کتێبی قەرەنی جەمیل

بەیەکەوە بەپێی پەتیو شەرواڵێ لە جانگی ماهووت
دەچووینەوە ناوکۆڵانەکانی مێژوو کە پیسترین کۆڵانی دونیا بوو
مناڵیمان دەدایە دەست قەدەرو بەدوای ریشۆڵان دەکەوتین
شانازیمان بە کوشتنی بارانبڕە قەترانیەکان دەکرد
ئەو بەفرشەو رەسمی ئاسمان
من بە شیعرو تەمی چیا
لە شەڕدا بووین لەگەڵ خۆمان

## کتێبی تەمەن

لە دەرگەییێکی بچووک کە خەزنەی لەززەتو نەسلە
بۆ دەرگەییێکی دیکەی چۆڵ
بە جلێکی سپیو ساوخۆش ئاوابوو نەگەڕایەوە
لەمیانی ئەم دوو دەرگایەدا
چەند ماندوو شەکەتی ئەی مرۆڤ
کە ناتوانی خۆت بخوێنیتەوە

## کتێبی دانتی

سەفەرێ بۆ ژێر زەمینەکانی هادیس
سەفەرێ بۆ گوڵەکانی دۆزەخ
سەفەرێ بۆ فاتیمەکانی رۆژهەڵات
سەفەرێ بۆ گومەزەکانی بیاتریس نوری هەموو نورەکان
کۆی هەموو سەفەرەکانیش
کیسەیێ ئێسقانو گۆڵمێ فرمێسکی بەجێماو
بەسەر حەوت تەبەقەی ئاسمان

## کتێبی گومان

سپێدە هات گومانمان لە خۆر بوو
نەوەکا غەرقی ئاگر بین
بەهار هات گومانمان لە گیا بوو
نەوەکا ورشە بمانکوژێ
زستان هات گومانمان لە باران بوو
نەوەکا گوڵەگەنم هامون دانەگرێ
پاییز هات گومانمان لەوەرینی گەڵا بوو
نەوەکا لە دڵی بگرین
کە کەوتین گومانمان پڕا
ئێستاش گوماندەکەین لە یەقین بمرین


کتێبی نە

# پەرستگای سروت

## (١) سروتی غەریبان

چاوێکیان هەمیشە لە خاکو چاوێکیان لە چیا
شەوێکیان لە ئەشکو شەوێکیان لە بریا
ئەو کاتەی دوا پێلو لێکدەنێن
وەسیەتی ئاگرین بەرهەڵلای شار دەکەن
ئەو ساتە بۆ ئەبەد لە وجود بار دەکەن.

## (٢) سروتی تەنهایی

لە کەنار شەوێکی درەنگا کە هێشووی ئەستێرە دەوەرین
ئەو بەتەک درەختێ ناڵەی خۆی سەردەدا
ئەو مانگەی ئەو نیگای بۆ دەکردە نامە
لەمێژبوو دوا شەوقی لە ئابڕوی ئاوا بوون تکا بوو
بۆیە ئەو لە نکال شەوێکی درەنگا
بەناو ڕۆحی خۆیا رمابوو

## (٣) سروتی سووتان

کە فڕی لە گۆرانی عەشقا مەست بووبوو
تێکەڵی شەرابی ساماڵی خوست بووبوو
هەر بەدەم فڕینا
چاوی خۆی هەڵدەڕشت لە کلی ئەوینا
ئەو ڕۆژە هێندە بەرز هەڵگەڕا
تا باڵی لە ئاگری خۆر سوور هەڵگەڕا

## (٤) سروتی بەفر

ئەو بایەی بە سەرما هەڵدەکا
تامو بۆو ڕەنگی ڕۆح هەڵدەگرێ
بۆ دوور دووری دەبا
هێندە باو وەیشومەم بەسەردا هەڵدەکا
کەچی من هەتا دێ غەرقەبم لە کپی
دواجاریش شتێک نیم جگە لە ساردێکی ئەزەلیو
شاژنێ لە بەرگێکی سپی


کتێبی نە

## (٥) سروتی گریان

رۆحی من لە شوشەی پڕ درزو شکاوە
لە عەشقی ناکامو
لە کۆچی ناوادەی دۆستانو
لە تۆرانی دڵی کچانو فیراقی مەمو زین
لە شەوقو شەباقەی فرمێسکی دایکانو
لە پشتی شکاوی باوکانە
من دەنگێکی دیاری زەمانم

## (٦) سروتی برادەران

برادەرەکانم هەمووی یەک ژوور بوون
لە یەک کانی نورا ئاویان دەخواردەوە
لە ڕووبارێ خۆیان دەشوشت
یەک کتابیان دەخوێندەوە
لە یەک مانگدا شەوقیان دەچنی
ئێستاکە هەندێکیان لە باکوور هەندێکیان لە باشوور
هەندێکیان لە خۆرهەڵات
هەندێکیان خۆرئاوا
برادەرەکانم جارێکی دی کۆ نابنەوە

## (٧) سروتیناڵین

هەموو سپێدەیەک گوێم لە باڵۆرەیەک دەبێ
کە بەسەر فرمێسکەوە هەڵدەکات
بە ناو دیرۆکێکدا پەرت دەبێ‌و سەدا دەنێرێ
ئەمە ناڵەی دایکێکە یان کۆرپەکەی لە دەستداوە
یا لە شینی ئازیزێکدا شین دەگێڕێ

## (٨) سروتی باران

دڵۆپە زیوینیەکانی بارانم بەسەر گەڵاکان کۆکردەوە
بە شوشەی رۆحی خۆم هەڵواسی
بەیانی کە هەستام ژوورەکەم شەڵاڵی بارانی بەرامە بوو
جەستەشم درەختی ئاقیقی

## (٩) سروتی چەمان

ئەو دەنگانە دەبیستن دەنگی ئاخە بەسەر دارستانی برین
ئەو دەنگانە دەبیستن دەنگی چەمە بەناو دامێنی خەمگینی
ئەو دەنگانە دەبیستن دەنگی دووری غەریبانە
شەڵاڵی مەنفاو گرینە

## (١٠) سروتی خەم

دوا کتێبی سەفەرم کردەوە
لە پەڕی خەمگینی یادێکا گیرم خوارد
چوومەوە ڕابردووی سەر تاقو منارەی کەڤناری
لەو ساتە خەمێکی کوشندە
لە دڵو دەروونی من باری
یادێکی خەمگینو دڵتەزێن خوێنی هەڵپڕوکاندم
لە ناو دێڕو وشەی کتێبی چەقاندم


کتێبی نە

## (١١) سروتی سپێدان

سپێدان دەچمە ناو ماڵی درەختێ
رێژنەیێ بارانو باوەشێ لە بەفری بۆ دەبەم
کە غەرقی رێ دەبووم
دەروازەو پەرێزو فەرشی با
پڕ دەبوون لە مەلو جریوەی کەناری
تروسکەی شەونمی سەر گیا
شەوقی خۆی دەداوە ناو چاوم
ئەو ساتە دەمزانی سپێدە رابردو من نوقمی هەتاوم

## (١٢) سروتی زریان

که خوێنی ناو لەپی ڕژایە سەر بەفر
لە شەوقی هەتاوو بریسکەی سپیاتی
سرودی زریاندا
دوا هەناسەی گەرمی هەڵکێشاو
سەبەتەی بینایی هەڵڕژان
مەرگی خۆی بە بادا


کتێبی نە

## ١٣) سروتی هامۆن

دەسکەنەی گوڵەکانی هامۆنم
لە حاجی قادرا وەرگرتو دامە دەست بای ئەزەل
ئێستاکە سەرزەمین سەرپاکی بۆتە کۆ

## (١٤) سروتی خاک

بایێ هەمیشە بە قورسیو سەنگینی رێ دەبڕێ
هەمیشە گەردەنی هەر لارەو هەر سەیری من دەکا
بایێ هەمیشە تەڕ تەڕ هەر دەڵێی لە کانی هاتووە
بایێ هەمیشە هەمیشە کپ کپ هەر دەڵێی ماتەمە
بایێ لەسەر خۆ دێتە ناو ماڵەکانمانو رادەبرێ
ئەمە بای خاکێکە رۆڵەکانی نایناسنەوە

## ١٥) سروتی ئەشکەوت

هەمیشە رەنگێ هەیە لە ڕەنگی گیای ئەشکەوت دەچێ
دەنگێ هەیە لە شکستی کەڤرو زناری ئەشکەوت دەچێ
هەمیشەو تا ئەبەد ئەشکەوتێ هەیە
تەژی سەداو تەژی لە ژان
وەک ئەشکەوتی توناوتونی رۆحی ئینسان

## (١٦) سروتی ئاگر

له دوورترین ئاگردانی مێژوودا بریسکەی بۆ ئێمه هاتووه
دەمێ له ژێر خۆڵەمێشو دەمێ دونیا پڕ نور دەکا
ئەمه ئاگری خوێنمانه دەگەڕێتەوه ناو جەسته

## (١٧) سروتی زەردەشت

ئەو دەمەی زەردەشت دەگەڕایەوە ئەشکەوتان
لە خەڵوەتی ڕامانو حیکمەتا چرای هرزی دادەگیرسان
لە دونیا دادەبڕا دەچۆوە ناو کتێبی خوداو
ڕۆدەچوو لە ئاڵۆزی ڕۆحی ئینسان

## (١٨) سروتی

کە بەناو ڕێگاکان بە تەنها بانگم کرد سەداشم بە باران هاتەوە
کە بەناو ڕێگاکان بە تەنها لە وێنەی ئاوێکا بانگم کرد
ئەوساکە زانیم چۆڵ بووەو حیکمەتی دەورانە
ناچار بووم سەر بکەم بە ڕەوتی وەستاوی ئەم بەردو کەڤرانە


کتێبی نە

## (١٩) سروتی مەلان

سپێدە کە دەنگی بای ئەزەل پەنجەرەو دەرگامی دەهەژان
مۆسیقای شۆپانم دا بە باڵی مەلێ
تێکەڵی بای کردو رفاندی
زوڵمێکی کەون بوو ستوونی مۆسیقا رماندی

## ٢٠) سروتی سێو

ئەمە سێوێ
ئەمە دوو سێو
ئەمە سێ سێو
تێر نەبووین لە تامی ئەو سێوەی منداڵی
کە پیری وەک دێوێ
وەک درەنجی کێوێ بە پەلە هات هەر وەک گەواڵە
نەک هەر سێو باخی سێوەکانی وجودی راماڵی

## (٢١) سروتی مانگ

که شکا پارچەیەکی مانگم نایە ناو لەپمەوە
ئەو شەوە هەر بە دیار ئەو پارچە شکاوەی مانگی رووت دانیشتم
نەخەوتم سپێدە پێی وتم
دەچمەوە بۆ ئاسمان
تۆ چەندە خەمگینی ئەی ئینسان



کتێبی نە

## (٢٢) سروتی دڵان

ئاسمانێک لە هەورو کەنارێک لە گیا
شاباڵێ لەفڕین .. هەندێ خەمو هەندێ سەما
دڵێکە هەر هێندەی کاسەیێ
کاسەیێ بە قەدەر گشت دونیا

## (٢٣) سروتی ئاسمان

جارێ لەگەڵ شەونمی سپێدەو دڵۆپەی بارانا
هەندێ جار بەسەر باڵی نەرمی بەفرەوە
جار جاریش تووڕەو توند
دەهاتە ناو ماڵی یەک یەکمان
گیانی پڕ دەکردین لە وردە ئاوێنەی میهری خۆی

## (٢٤) سروتی تەم

دوا ئاوڕی دایەوە بە تیشکی نەو نیگای کەونی پڕ شەوق کرد
تەم وەکو درەختێ لە شوشەی سپی گرت
ئێستاکەش ئەم کەونە
وەک باری نائومێدیو ترسی سەر لێوە
کە ئێمەش هەمووومان دەبینە زوخاڵو
بە شەوقی نیگای ئەو دەڕواتن بە ڕێوە

## (٢٥) سروتی ڕەبەنان

رەوە مەلێکی سپی سەرئاوان لە کەنارێکی چیا نیشتنەوە
سەداو چریکەی خۆیان داگیرسان هەمدیس بە رێگای خۆ
داچوونەوە
ئەوەی کە مابوون لە پەنا بەردو لە سەر رێگاکان
ئەو بوخچانە بوون لە چاوەڕوانی نەکرابوونەوە

## (٢٦) سروتی ڕێ

ئەو ڕێیە چەند دوورە هەر دەڵێی تا ئەبەد دەڕواتن
ئەو ڕێیە چەند نزیکە هەر دەڵێی تا دۆزەخ دەڕواتن
ئەو ڕێیە سەرێکی لە زەوی سەرێکی لە ئاسمان
سەرێکی لە هەورو سەرێکی لە باران
ئەو ڕێیە چەند سەختو دژوارە...
مرۆڤی لە خۆدا گرتووەو بەرنادا
کە تازە مەحاڵە زڤڕینیش ئێستاکە بۆ ئێمە دەست نادا


کتێبی نە

## (٢٧) سروتی شەو

که دەنگی بۆقەکان لە بەرکانیو رووبار
تێکەڵی زەردایی مانگ دەبن
دونیا کپ رۆحیشمان پڕ دەبێ ژیانمان وەک خەونە
ئەوساکە جیاوازی مرۆڤو بۆقەکان نامێنێ
هەمووومان دەبینە تەونێکی سەر فەرشی ئەم کەونە...

## (٢٨) سروتی بابان

که ئاسمان پیرۆزیدا به چاوی کەژو کێوەکان
ئەستێرەی دا به رێگاو بانەکان
مانگیشی وەک کچی چواردە ساڵ دا به شەو
هەوریشی وەک تەتەر ناردە لای وەردەکان
بروسکەی دا به خاک
بەفریشی دا به شاخ
ئەو شەوە ئاسمانمان وەک زەوی دیار بوو
زەویشمان وەک ئاسمان

## (٢٩) سروتی ئێواران

وڵاتی غەریبان دەمە دەمەی ئێوارە هەڵدەبێ
فرمێسکی دوو چاوی غەریبان ئێوارە گەش دەبێ
ئێواران سپێدە شەونمو فەرشی بەفرو بایە
شەوقو شەباقەی دەداتەوە ئاسمانێ
ئێواران لە زمانی غەریبان نازانێ...
ئێوارە حەیرانێکی غەریبو پڕخەمە لەبەرچی نازانم ...

## (٣٠) سروتی مەرگ

کە پێکرا هەڵسوڕا چاوە گەشەکانی بوونەوە تارمایی
لە پێ کەوت ... کەوتە نێو چەمێکو ئەشکی چاوی سڕی
یەکەم جار دوو دەستی
دووەم جار دوو قاچی
سێیەم جار جەستەکەی
چوارەم جار رۆحی بوو هەڵفڕی

## (٣١) سروتی کەوتن

کە بینیم میدیایە بەسەر عەرشی رماوا دەگری
دەرسیم بوو شینو مۆر هەڵگەڕا
بوو بە ملوانکەی گەردنی ئاگریداغ
ئاگریداغ هەڵوەری
دووبارە رژایە ناو باخی زێی نەهری

# شـــیوەن

١

## شیوەنێ بۆ تۆ

دەستم خستە ناو دەستی با
بە دونیای زۆر دووری سووڕاندم
چیم  نەدی یادی تۆی تیا نە بێو
چیم  نەدی شێوەی تۆ نەبەخشێ
هاوارم کرد ئەی با... ئەی با
من کەوا رۆحم شکاوە
بۆ یەکجاری بمبەرەوە ناو ماڵی خوا.


کتێبی نە

## ٢

# شیوەنێ بۆ خوێن

خوێنێکی زۆر لەگەڵ تەمی سپێدەکانم تێکەڵ بوو
چیاکانم تا ئێستاش هەر سوور دەچنەوە
سینەی درەخت ئێستاش شوێنی سەرەڕمیان پێوە دیارە
ئێستاش کانیو کانیاوەکان تەرمی ماسییان تیا ماوە
بەڵام هەر نەهات
ئێستاش هەر لەبەر رەشەبام
ئێستاش گوڵم لەدەستایە چاوەڕێم گۆدۆ هەر نەهات

## ٣
## شیوەنێ بۆ باران

لە پەنا درەختێکا وەستام بۆنی بارانی لێدەهات
لە گیاو زەنوێرا وەستام بۆنی بارانی لێدەهات
گوڵەگەنمێ بانگی کردم بۆنی بارانی لێدەهات
لەو رۆژەوەش کە باران زەوی جێهێشتووە
نە مەلەکان دێنەوە باخی حەوشەمان
نە رووبارێ بەلای ماڵەکەمان دادێ

٤

## شیوەنێ بۆ چیا

چیا پڕ بوون لە بازوو
پڕبوون لە باز
پڕبوون لە با
چیاکان پڕبوون لە قریوەی کیژۆڵان
پڕبوو لە کۆترو باشووکە
ئێستاش بۆنی تەنهاییێکی کوشندەو
کوێرە دێیەکانی لێدێ

٥

## شیوەنێ بۆ نارین

نارین درەختێکی باڵای ئاسمانان بوو
خۆرەتاو گەڵای هەڵوەراند
ئێستاش جێ ئەلماسی چاوی
کە شوشەی دڵمی هەڵپاچی
خەرەندێکە پڕ لە ئەوین


کتێبی نە

٦

## شیوەنێ بۆ گیا

کەس لەگیا بریندارتر نییە لێی بپرسن خۆی دەزانێ
کەس لە گیا خەمبارتر نییە لێی بپرسن خۆی دەزانێ
برینی گیا لەو گۆڕە بێ کێڵانەوە دەبێتەوە
کە بەهاران بەسەریانەوە شین دەبێ

٧

## شیوەنێ بۆ تەم

من لە رەگەزی مێژینەی تەمتومانم هەر بۆیە تەمم
خۆشدەوێ
جارجار کەون دادەپۆشێو
دەگەڕێمەوە ناخی خۆم
تا هەرچی چڵکی دەروونە بە رەنگی سپی تەم بشۆم



کتێبی نە

٨

## شیوەنێ بۆ گوڵەگەنم

لاسکی گوڵەگەنمەکانم نایە سەر لەپ
بەرزم کردنەوە بۆ ئاسمان
دەتگوت تەرمی مرۆڤن ئاوەها ساردن
گۆڕێکم بۆ لەناو کۆپەنێ گیا هەڵکەند
یەک یەکم بە خاک سپاردن
بە دیاریانەوە نوشتامەوە دروودی رۆحم بۆ ناردن.

## ٩

## شیوەنێ بۆ رۆح

لەناو وەردە دوورەکانو
لەناو رەوەزە شاخ و چیا
لەناو شاران
لەناو پاوان و لە تەمتومان
لە ناو لەپی کچۆڵان و لە رێگاکان
شوشەی شکاوی رۆحی خۆم
دەدۆزمەوە
بریقەی دەچێتە ئاسمان.

## ١٠
## شیوەنێ بۆ قەرەجەکان

لەو ڕۆژەوە کە مانگ شکاو ئاسمان چۆڵ بوو
قەرەجەکان باریان کرد نەگەڕانەوە
ئەو ڕۆژە من لە چیایان بووم.

١١

## شیوەنێ بۆ ئەوین

که هەبوو دونیا جوان بوو
کۆڵان پڕ ئەستێره دەبوون
باران زەوی بۆ دەڕشتین
با نامەکانی دەهێناو
بەفر دڵی دەداینەوە
ئێستاش دونیا له گۆڕ دەچێ.


کتێبی نە

## ١٢
# شیوەنێ بۆ سێبەر

ئێمە سێبەرێکمان هەبوو لە هەورەبان
سپێدان خەوی دەداینێ
نیوەڕۆیانیش ئاوی سارد
ئەوەندە رۆژەکانی عومری خۆمان هێناو ژمارد
کە سەرمان بەرز کردەوە
پرچی خۆمان بینی بەفرە
سێبەریش رەویوەتەوە.

## ١٣
## شیوەنێ بۆ تەوتەم

هێندە بەرزمان کردەوە
بوو بە لوتکە پێیمان لە زەوی کردەوە
هێندە تارای پیرۆزیمان لە مل ئاڵاند
بوو بە موقەدەسێ وەک ئاسمان
ئێستاش نە دەستمان دەیگاتێ نە هاوارمان

## ١٤
# شیوەنێ بۆ پەری

ئێواران لە سەراسۆی بانێ
سپێدان لەناو زەنوێران
جوانی دەبەشیەوە دونیا
ئێستا پەرییان نە لەسەر زەویدا ماون
نە لە ئاسمان
بۆیە غەرق بووین لە گومان

## ١٥
## شیوەنێ بۆ هەمووان

هەموومان رەوتینو رێگەمان کەوتەوە بیابان
لە مەرزی کەون بە دوور بووین
تێنوومان بوو دونیا لە بەرد وشکتر بوو
دایە چاومان کەسمان کەسی نەناسییەوە
پەرشو بڵاوی دونیا بووین

١٦

## شیوەنیَ بۆ درەخت

ئەو بەهارەش درەختەکە بەری نەدا
بە پاچێکی ژەهراوی لە قەدەوە هەڵیانپاچی
نەیانزانی مرۆڤیش هەیە.
هیچ نەوەییێکی لێناکەوێتەوە

## ١٧
## شیوەنێ بۆ شەونم

لە ئاوێنەی شەونمدا ئەوم دەدی
هەر لە ئاوێنەی شەونمدا ئاسمانم دەناسیەوە
با هات شەونمی ڕاماڵی
دونیا پڕبوو لە شەوق‌و نور
نورێ لە هەموو نورەکان
ئێستاش هەموو سپێدەیەک
دەچمەوە دوای شەونمی سەر گیاو پەلکان
بەڵام ئاخ وەرزیان بەسەرچوو


کتێبی نە

## ١٨
# شیوەنێ بۆ بەهار

تاقو بانی شارەکەی من سەرێکی لەناو فەلەک بوو
قەڵا و تەلاری شاری من سەری لەبنی دەریا بوو
ئەفسووس ئێستاش لە دوای تۆفان
بە شاری خۆم ناکەومەوە

## ١٩

# شیوەنێ بۆ با

چانەبوو جارجار با دەهات
منالّیمی دەبردە سەفەر
دەیبردمە سەر دەریا
بەڵام ئاخ با ئێستا منی بیر نەماوە
ئێستاکە ئەژنۆی کۆماوە


کتێبی نە

## ٢٠
## شیوەنێ بۆ تەنهایی

ناوماڵی تەنها هەر لە گۆڕ دەچێ
تەنهایی لە شمشێرو تیرو تەم دەچێ

## ٢١
## شیوەنێ بۆ نور

کە لە تەمتومانی ئەو جارە غەرق بووین
نورێ هات لە نوری خوا دەچوو
تاریکی فڕاندین
ئێستاش بە شەوقی ئەو نورە رێدەبڕین
ئەگەرچی رێگەمان زۆر دوورە

گەوهەری

٢

# نهێنیەکانی
# ناو
# کتێبی بەرد

١٠٦

١

خەونێک بوو لە شیری مایین و
تەونێک بوو لە ئایین
مایینەکە باڵی گرت بۆ ئاسمان
ئایینیش داڵی گرت
بۆناو سینەی ئینسان

## ٢

ئەو شمشێرەی شکا
لەتێکی بۆ خەونو خەیاڵ بوو
لەتێکی بۆ جەستە
خەونەکان هەڵوەرین
خەیاڵیش بڕایەوە
هەربۆیەش چی جەستەی بەشەر بوو
لە لەوحی بەهادا سڕایەوە


کتێبی نە

**٣**

بێدەنگی ئەم ناوەی تەنیوە
کە بە دوای حەقیقەت دەگەڕێی
گوتنی لە زمان گەنیوە
وا چاکە هەر کەڕ بی
ئەگینا هەر دەبێ بێهودە لە شەڕ بی

٤

حیکمەت بوو رژایە سەر زەوی
کەس بۆی کۆنەکراوە
ئێستاکەش ژێر پێمان حیکمەتەو
ناو سەرمان بە تاڵە

٥

ئەوەندە من سەیری بەرزیم کرد
لە نەویان کەوتمەوە
ئەوەندە تۆ لەناو خەڵوەتا نقوم بووی
وای لەناو ئاسمانو ترۆپکی سەرشاران
منیش بووم بە بەردی بنگۆمی بناران


کتێبی نە

٦

سامی جوانی تۆ لە سامی خوا دەکا
ئەی شای جوانترین سروودم
ئێستاکە بۆ کامتان بنێرم درودم

٧

لێواری گەردوونم هەڵبژارد
کەوتمە ناو پانتایی
پێکێکی تەنکم هەڵقوڕاند
بوومەوە ئەفسانەی خودایی

## ٨

که ئێمه له ئاگر دەڕوانین
پێی دەڵێین
ریشەمان لەتۆیه ئەی هاڵاوی پیرۆز
زمانمان له نێلەت پژاوه
بەڵام ئاخ ئاگری سەرزەمین
لەوپەڕی مەستیمان کوژاوه



کتێبی نه

٩

ئەوەندە چوومە ناو دڵی تۆ خودایە
تا نەمام
ئەمێستا کە نیم .......... تۆم
کە تۆشم .................. نیم
من خۆشم نازانم ئەمێستا ئەمن چیم ؟

## ١٠

ئیسماعیل عاشقی خودا بوو
نانو شیری گەرمی بۆ دەبرد
سپێدان تا بولێڵ لە پەنای تاوێرێ
فرمێسکی بۆ دەڕشت
ئەو رۆژەی کە پاشا لە زوڵمی خۆیا مرد
ئەویش لە عەشقی خوادا مرد
زوڵمو خواپەرستی لە مردن هەر یەکن
کاسەکەت پڕکەوە با برۆین

**١١**

ئەی نادیار
بۆ یەک ساتێ بەدیار کەوە
من تا ئەبەد ئاوا دەبم

**١٢**

ئەوەندە گۆرانیم بۆ چرِی و
فرمێسکم بۆ باران
بووم بە داودو گیا لە ئەشکم شین بوو
ئەوەندە لە بەر پەنجەرەیا مامەوە
تا خوسو گەردم گرت
ئەوێستا بەردێکم لەو ناوە
ئەفسانەی کتێبم لە دەوران سڕاوە

## ١٣

شەوێ بوو حەسرەتم دادی دام
چوومەوە ناو کتێب
کتێبێ لەشیرو شمشێرو تەمو داو
دونیا کپ ........ خەیاڵ دوور
تا ونبووم لە چاوان
بەیانی کتێبیش پەڕ پەڕ بوو لە تاوان

## ١٤

رێ رێ بەدوای جوانی نادیاری تۆ گەڕام
لەناو تەمی لوتکان ونبووم
گۆج بوو دەستم ... کوێربوو چاوم


کتێبی نە

نەمزانی ئەو تەمە تۆ بووی
ئاقیقی رۆحی شکاوم

**١٥**

گوڵو دڵ وەک یەکن
یەکیان پەڕ
ئەویان خوێن
هەردووکیان وەک شوشە دەشکێنو
وەک لوتکە دادەڕمێن

**١٦**

وەرە یار قەدەرێ
بچینەوە ناو کپی دەشتایی
لەوێیە لەززەتی فیردەوسیو
مەلەکوتی عەشقی خودایی

## ١٧

بەدوای گلگامێش گەڕاوم
پەندی زۆرم هەڵڕشتە گۆمی ئەم ناوە
زۆر کتێبم تەواو کردو
شیعرێکی زۆرم خوێندەوە
ئێستێ کە دوا هەناسەمە
تێگەیشتم گوڵی خلود
کتێبێکە چاپ نەکراوە

## ١٨

باران نم نم دێتە خوارێ
پەڕی گوڵەو دادەبارێ
سەگ دەوەڕێ
دەنگی نەی دێ
منیش ورد ورد دەگریم
نازانم گریان لە کوێ دێ


کتێبی نە

**١٩**

ئیستێش بۆ من
مایەی گریانو رامانی
ئێستاش بۆمن
تۆ جوانترین نیشتمانی

## ٢٠

دەزانم ڕۆژێ دێ
بەیەکەوە دەچینەوە خزمەتی خوا
گوێ لە بانگی خاک ڕادەگرین
دەچینەوە نیشتمانی ئەسڵی خۆمان

## ٢١

چەند ساڵە وەک پشکۆی خۆڵەمێش
بۆ ڕوخساری پاکت دەسووتێم
تۆش ونی
نەشوێنت دیارەو نەسیما
نەدەنگت هەیەو نە ڕەنگێ
تۆ بێ عەرشو تاجو ئەنوای
لە نورو شەوقو جوانیتا
تێگەییم خوای

## ٢٢

شەراب نەما نەیخۆمەوە
شوێنێ نەما من نەیگەمێ
مەگەر شەربەتی ئەو مەرگە بخۆمەوە
تا ڕۆحی شکاوم داکەوێ


کتێبی نە

# نای

١

ئەی نای دەزانی بۆ نەوات ئەوەندە غەریبە
چونکە هەموو دەنگی فیراق
لەگەڵ خاکو نیشتمانی هاوتەریبە

٢

ئای برادەرەکان هێندە بەرز هەڵمەفڕن
جێگە نەوییەکان خۆشترە
کە هەموو بچنە بەرزایی
ئەوە خاک دڵی توند دەبێ لە تەنهایی


کتێبی نە

٣

خودایە من کە دەبمەوە خۆڵەمێش
چیم بە سەر نەمریی دایە
بۆ ئەو شەرابە شیرینە نەخۆمەوە
کە لەناو گۆزەی ڕۆحتایە

٤

هەزاران شەو سەیری تۆم کرد
هەندێ جار ئەستێرە بووی دادەڕژای
هەندێ جاریش
شوشە عەترێکی تابان بووی
لە رووی مندا دادەپڕژای

٥

سەیرکە هەموویان گۆرانی دەچڕن
ژێر پێشیان جەستەی ئینسانە
قەدەر وایە
لە میانی مەرگو ژیاندا
بۆ ئەبەد جەنگە بەرپایە

٦

جوانی تۆ وەک شەفەقێکە
بەسەر بەهەشتەوە هەڵێ
کەمن رێم بەرەو دۆزەخە
ئای لەو پارسەنگە سەختە

٧

ئەو میحرابە جێی تۆ نییە
تۆ فریشتەی نێو مەیخانەی
بە قەترەیێ دەگەیتە خوا
کام رێگە زوو دەتبا بۆلای
ئەو راستەقینەیە بە خوا

٨

ئەی تانوپۆی ئا ئەم کەونە
کە تۆ نەبی
عەدەم هەمووانی قووتداوە
بەڵام کە هەی شەیتانێکی
رەنجی خودات بە باداوە

## ٩

چەند سەختە شەو
چەند دژوارە
هەموو ساتێکی من شەو بوو
چەند دوورە رێ چەند تەنهایە
هەموو تەمەنم بەسەرچوو
نەگەیمە جێ

## ١٠

تۆ چەند ونی من ئاشکرا
تۆ تاریکیو من چل چرا
کاممان راستەقینەین برا؟


کتێبی نە

**١١**

تۆ وەک بەفری
لەناو لەپم دەتوێیتەوە
منیش وەکو ئاڵەکۆکێ
لەبن تارای سپیت ژینم بەسەر دەچێ

**١٢**

برۆ وا باران دەبارێ
ئێ بەڵکو رۆحت تەڕ دەبێ
منیش تۆزێ دەحەسێمەوە

**١٣**

وا ئەو پێکەش دەخۆمەوە
با تەمەنم هەر با بیبات
سپێدە هەرچی باد ئاباد

**١٤**

گوڵێکە دوور
بۆی دەچم دادەخرێتەوە
جێی دەهێڵم
وەک شەوبۆ دەکرێتەوە


کتێبی نە

## ١٥

ئەو چرایە مەکوژێنەوە
تۆ لەناو رووناکی ئەوای
گۆزەی دڵی من مەشکێنە
خۆت تیا وردو خاش دەبی

## ١٦

ئەی با ئەی با
وەرە دوور دوورم هەڵگرە
لێرە ژەنگم هەڵێناوە
دەزانم لە دووریش دەرزیم
قەیدی چییە
نیەتی مەرگم هێناوە

## ١٧

ناکرێ لەو بایە جێتهێڵم
دەترسم پەرشی دونیات کا
یا ون ببی لەو کێوانە
کە تۆ پەرشی دونیا ببی
دەبێ مانای ئەزەل چبی؟

## ١٨

کە بەرەو ئاسمان هەڵدەچووی
زانیم مەسیحی خۆم هەیە
کە بە پەیژەکان دابەزی
خاچێ لەناو دڵم لەرزی

## ١٩

چەند حیکمەتی خۆم هەڵڕێژم
بیرم ئەوەندە تیژ دەبێ
چەند کاژی هزرم فڕێدەم
ئەوەندە ئاسۆم پڕدەبێ


کتێبی نە

## گەوهەری
## ٣

# سیفری ئاگر

١

ئەو کاتەی تاڤگەی نەی ئێمەی نوقمی سەدای دەفو بارانی
نور کردبوو
هاوارمان وەک بخوری گوناه لە کەنارەکانی دۆزەخ
دادەگیرسا
ئەو کاتەی شەونمی سپێدان لە چاوانما دەڕژایە سەر گۆنای گیا
هەمووومان بەیەکەوە دەممان خستە ناو دەمی وەهمی یەقین
هەندێکیشمان هێشتا لە ناو تەمی گومان گاگۆڵەی دەکرد
ئەو کاتە بوو کە پرسیار دڵی دەهاڕینو سەری پڕ هزری
دەبردین
نە گومان وەک بایێ لولی دەداینو نە یەقین رەهای دەکردین


کتێبی نە

**٢**

دەرگاکان چەند زۆربوون نەماندەزانی کامیان بەرەو
حەقیقەتمان دەبات
کامیان لەگەڵ کردنەوەیا کۆترەکان لە شەققەی باڵدەدەن
دەرگاکان زۆربوون هەندێکیان ئاسنین هەندێکیان وەهم
بەڵام ئێمە نەمانزانی کامیان بەرەو یارییەکانمان دەبات
ئەو یاریانەی هەودای قەدەر دەیسوڕێنێو بخوردی
چارەنووسمان بەسەردا دەپژێنێ

**٣**

تا دەهات دونیا پڕ بڵێسە دەبوو
دامێنەکان، ئەشکەوتەکان ناولەپو دوو چاومان پڕ دەبوو لە
رووناهی
شتێ نەما غەرقی بڵێسەی نور نەبێ
شتێ نەما وەک شەمێی عەنبەری گەورە دانەگیرسێ
بەڵام ئێمە دەروونمان هێندە تاریک بوو چاومان هیچی
نەدەدی
هەمیشە بە دەوری خۆماندا دەسوڕاینەوە

٤

ئەو کاتەی کە مارهزرەکان کەوتبوونە دوای ماری دارستان
منالێ دەمی خۆی کردەوەو ماری لە هەناو شاردەوە
تا ئێستاش مار لە هەناوی بەشەردایە
مار تەنها لە هەناوی مرۆڤدا پەیامی خۆی جێبەجێ دەکات

**٥**

زەمانێکی زۆر ئێمە لەگەڵ ئاگردا یاریمان دەکرد
شەوانە لەبەر رووناهی ئاگری مانگدا دەچووینەوە سنورە
دوورەکانی ئەوین
لەتەک ئاگردا تا سپێدان سەمامان دەکرد
بە ئاگر دەچووینە حزووری مەرگو سارێژی برینەکانمان
دەکرد
بە ئاگریش باڵمان دەگرت
کە برسیمان دەبوو ئاگرمان دەخوارد کە تێنووش دەبووین
ئاگرمان دەخواردەوە
ئەی ئاگر تۆ هاودەمێکی چەند جوان بووی
بەڵام ئێمە خۆڵەمێش بووین هەمیشە تۆمان لە ناخمان
دەشاردەوە
ئێستاکەش بێ ئاگر ماوینەتەوە هەرگیز دانەگیرساینەوە

٦

ئێستاش گومان لەوە هەیە نازانین لەپێناوی عەترێ باخێک
لە گوڵ وێران بووە
ئێستاش گومان لەوە هەیە لە پێناوی باڵەفڕەیێ دارستانێک
مەل قوربانی داوە
هەموومان گومانمان وایە شەو بۆیە تاریکە تا رووناهی
ئەستێرەکان بە هەدەرنەچێ
هەموو یەقینەکان ناتوانن گومانە ئەزەلیەکان لەبار بەرن
بەڵام گومانێکی سادە گەورەترین یەقین لەق دەکات

٧

ئەو ڕۆژەی عاشقان یەکە یەکە دانیان بەوە نا کە بەو ئاگرە
سووتاون کە لە چاوی گوڵەکانەوە هەڵدەکا
ئیدی کۆمەڵ کۆمەڵ لە نێو باخەکانەوە دەکەوتنو بۆ ئەبەد
جارێکی دیکە گوڵیان لە یەخە نەدایەوە
ئەوانە ئەو عاشقانە بوون لە بری پەیکەرێ بۆ گوڵ
باخەکانیان هەڵدەوەشاندەوەو لە بری قوربانی
مەعشوقەکانیان سەردەبڕی


کتێبی نە

٨

ئێمە ئەو کاتە کوژاینەوە کە بیرمان لەوە کردەوە لە
شەوە درێژەکانماندا ڕق‌و کینمان داگیرسێنین‌و جەستەی
بەرامبەرمان بچنین
ئێمە ئەو کاتە کەوتین کە ویستمان بەسەر پشتی نور
کەوین‌و هێشووی ئەستێرەکان بڕنین
ئەو کاتەش بۆ ئەبەد کوژاینەوە کە وامانزانی دونیامان پڕ لە
نور کردەوە

٩

هەموو کیژۆڵەکان کەمەری خۆیان پڕ کرد لە ڕیحانەو
شەوبۆی ئاڵ
چاویان پڕکرد لە کلی ئەبەنووسیو باسکیان لە بازنی مانگو
لێویان لە ئاڵەکوڵیکو رۆحیان لە نەشئە
لەو سەرەوە تابان لە ژێر درەختێکدا هەموویانی لە نور
وەرداو پیرۆزەی ئاسمان دایپۆشین
بوون بە قەبارەیەک جوانی
بەڵام دووکەڵێ لوولی دانو شەقاری ژێر درەختێکیش
قووتیدان


کتێبی نە

## ١٠

ئەو منالآنەی گوڵەگەنمەکانیان پەڕ پەڕ کرد دواجاریش هەر پەشیمان نەبوونەوە
تا دەهات گوڵەگەنمەکانیان پەڕ پەڕ دەکرد دیسان هەر پەشیمان نەبوونەوە
کە دوا سونبوڵیان پەڕ پەڕ کرد هەمدیس پەشیمان نەبوونەوە

## ١١

که ئێواران مێگەل مێگەل ئینسان بەرەو پاوانەکان
دەگەڕانەوە
لەو رەوە تۆزاویانە دەچوون کە بۆ یەکەمین جار لەژێر زەوی
بێنەدەرو بەرەو ئەشکەوت بگەڕێنەوە
ئەوان دڵیان بە دونیا خۆش بوو بەڵام نورێکیان لەسەر
دانەبوو
بەرەو خودی خۆیان بباتەوە
کە لەناو تاوێرو تەمی بنارەکاندا جێیان هێشتبوو


کتێبی نە

## ١٢

که لەگەڵ برادەرەکانم چوومەوە ناو دۆڵی ماران
ئەو مارانەی تا ئێستا پەرشو بڵاوی دونیا نەبووینە ئەگینا
هەموومان بە کوشتنیان
قوڵایی زەویمان دەدی نهێنیەکانمان لا ئاشکرا دەبوو
من یەکەم جار لەو دۆڵە کوشتنی مارێکم بینیو سەری مارم
بە چاوی خۆم داهێنا
هەموو شتێکم لا ئاشکرا بوو
قووڵاییە دوورەکانی زەوی قووڵاییە دوورەکانی دونیا
قووڵاییە سیحراویەکانی ئەوین
بەڵام هەرگیز قوڵایی سینەی ئینسانم نەبینی

## ١٣

لەشکر لەهەموو لایەکەوە تێکچڕژابوون لوورەی غەریزەییێک
وەکو لورەی گورگی بەرمانگ دەیهاڕین
مەیدانی شەڕ پڕبوو لە شمشێری شکاو لە خودەی کونکونو
زرێپۆشی جەستەو ئەسپی کەڤەڵ بە خوێنوماینی زەردی
بەجێماو
جەنگاوەرەکان لە شەڕێکی بێهودەدا بڕستی خۆیان
لەدەستداو لە خوێنی خۆیان گەوزین
کپیەک ئەو ناوەی داگرت
وەک کتێبێ هەرگیز کۆتایی نێت

## ١٤

که عاشقی رووناهی بووم هەزاران کێوم بڕی تا گەییمە ناو پارچە نورێ
بەڵام ئاخ چاوەکانم کوێر بوون
دڵم پڕ عەشق بوو نەمدەزانی ئەو هەموو عەشقە لە کوێ دێ
کە سەرچاوەی عەشقم دۆزیەوە هەموو عەشقی خۆم لە دەستدا
زۆر بە دوای زناری ئەفسانەیی گەڕام کە دونیام بخاتە بەردەست
بەڵام کە بوومە خاوەنی ئەم دونیا پانو بەرینە
مردن بووە جوانترین یەقین هەرگیز دەستم نەدەکەوت

# فیل

## (١)

تازە ڕووناهی قەڵا و منارەکانی بابل لە بەرچاوم کزدەبوو
ئەو لە خەونیشا تەنانەت لەسەر مەرگیشا هەر سەمای
دەکرد
سەما،  سەما، سەما
بەڵام یادی فیلێ لە یادگەما ناسڕێتەوە کاتێ کرا بە قوربانی
خوداوەندان
ڕامدەکێشێتە ناو وەسوەسەیەک
غەرقی دوودڵیو مەزەندەی زمانم دەکا
غەرقی تەنهاییو ئاشوبو تابانم دەکا
یادێک تاڵ تاڵ وەک ژەهری عەشقی ڕژاو لە بەردەم ئاموندا
شیرین شیرین وەک قەندی جودایی نێوان خوداو ئینساندا..
یادی فیلێک هەمیشە ڕامدەکێشێتە ناو گۆرانیەک

وشەکانی لە شوشەیێ عەتر دەچێ کە دەکەوێتە بەر تیشکی خۆر
بە سەر رەفەکانی درەختەوە باڵیانگرت
لە ناو کتێبە دوورەکانەوە دێن..
بانگی سەمای کچە جوانەکانی دارستانم دەکات
کە لەوێدا لە بەردەم خوێنی رژاوی فیلێ
پێکەکان خەون بوون بە شەوقی سووتاوی لێوار ئاوەکان
جریوەی شەکەتی لەززەت بوون لە ناو درەختەکانی بەفر
سەمای ئەو کچانەی لە ئێوارەوە مەیخانەکانیان دەکردە ئوروکی خۆیان
ئەوەندە مەست دەبوون جگە لە هەستی فڕین هیچیان پێ نەدەما


کتێبی نە

(٢)

هەمیشە خەمێک هەیە نازانم لە کوێوە دێ
لەگەڵما دێتودەچێ.. مەلە دەکاو چیا دەبڕێ
هەمیشە خەمێک هەیە لە خوێنم کەس نازانێ لەکوێوە دێ
جارجار دەمباتەوە کەنارەکانی گریان
هەندێ جاریش کەوتن لە سەمای مەرگی فیل
دەچێتە ناو دیدگامان
خودایە سەرچاوەی ئەو خەمەم پێ بڵێ رامانی فیلت بۆ هەڵدەڕێژم
ئەوە برینو باقی شوشە شکاوەکانی دڵی فیلێ بوو..
کە بە سەر تاوێرەکانەوە وەستا بوو سەیری قوربانگای دەکرد.

(٣)

ئەو کاتە من تازە لە باخچەی ئاژەڵان دەهاتمەوە
کە جیاوازیمان تەنها ئەو تەیمانە بەردینە بوو بە دەوریاندا هەڵیاننابوو
کۆمەڵێک بە کاردو چەقۆو چەنگاڵ فیلێکیان یەکالا دەکرد
فیلێک سپی سپی لە بارینی بەفرێکی زۆردا ئەو رەنگەی هەڵمژی بوو
گەورە گەورە لە رمانی شاخێگا ئەو گەورەییەی دەستکەوتبوو
هێمن هێمن لە دارستانێکی چڕا ئەو هێمنیەی گرتبوو
یەکێ دەیگوت بەدوای ئاوێک دەگەڕێن کە ئاوی زیندەگانیە نەمری دەبەخشێ بە مرۆڤ
کەس نازانێ لە کام دەماری فیل دایە
یەکێ دەیگوت بە دوای کیسەیێ پشکۆ دەگەڕێن
فیل لە کاتی تورەبوونیا لە خواوەندەکانی دزیوە..


کتێبی نە

هەندێکی دیکە دەیانگوت ئەو عاجانەی لە دەمی ئەو فیلە
دایە
هەندێ لە زێڕەکانی فیرعەونو قەدەرێ لە یۆرانیۆمی تیایە
ئەو منداڵانەی کە بە دەوری ئەو فیلەدا کۆببوونەوە
لەگەڵ بازرقەی خوێندا منداڵێتی خۆیان تاو دەدا
دەفتەر رەسمی خۆیان دەردەهێناو بەو خوێنە
رەسمی ئەو سێوانەیان دەکرد کە هەرگیز نەیانتوانی بوو
لە ئەلفابای کتێبی کوردیدا بیڕنن.. بەڵام فیل...
ئای فیل کە خۆی سەیری تراژیدیای هەناوی خۆی دەکرد
هاواری کرد..
ئەوەی ئێوە بە دوایدا دەگەڕێن.. تازە بەسەرچوو نایدۆزنەوە
من هەزاران ساڵ لە کرێشمەو رامان ژیام تا ئاوا گەورە بووم
کە چی ئێوە هێشتا زۆر بچووکن خەریکە لە ناو هەناوم ون
دەبن..

(٤)

فیل هێشتاکە وەک جاری جارانی لە گوڕو هێزی خۆی نەکەوتبوو

لە رامانی قوڵو لە دیدی تیژی خۆی نەکەوتبوو دەینرکاند

بەڵام نرکانی ئەو لە خەمی ئەو رامانەیدا بوو..

کە ورد ورد لەگەڵ خوێنیا دەڕژاو پەرشی ئاسمان دەبوو

هەر مەلێ تیشکێکی لێهەڵدەگرتو هەر ئەستێرەیێ رەونەقێ

بە تەنها هەر فیل بوو دەیزانی چی لەناو رامانی شاردۆتەوە

بەڵام ئەوان بێ پەروا... کە کاردیان لە شادەماری فیل دەدا

تریشقەی خەندەیان دونیای پڕ لە بارینی بەرد دەکرد

لەگەڵ بازرقەی خوێنی فیل کێڵگەکان سوور دەبوون

قەلو داڵ ئاسمانیان پر سەداو قریوەی هاردەکرد...

من ئەو کاتە پارچە رامانێکی فیلم کەوتە بەرهزر

کە بە دەنووکی مەلێکا هاواری دەکردو با فڕاندی

ئەو شەوەی کە کەون لەبەر باو وەیشومەی قەدەرا دەلەرزی

من تازە زمانی ئایندەم گۆش دەکرد

من تازە پێکێکی زۆر خەستم لە خەنی کۆرپەما نۆش دەکرد



کتێبی نە

**(٥)**

فیل لە دواجارا کە سەیری گوشتی رانی خۆی دەکرد
کە وەک ئەو دامێنە وابوو لە هەموو لاییێکەوە بتەقێتەوە
تیشکی ئاوێنە هەڵرێژێ ..
ئەو مرۆڤانەی زۆر بچووک دەهاتنە بەرچاوی ..
تا دەهات بچووک دەبوونەوە
کە وردە وردە خوێنی جەستەی فیل چکی دەکرد
مرۆڤەکان تا دەهات بچووک دەبوونەوە
کە دوا قەترەی خوێنی رژایە سەر تاشە بەردێ
مرۆڤەکان هێندە بچووک ببوونەوە لەبەرچاوی نەدەبینران
سەرەنجام هێشتاکە فیل هەر مابوو..
دوا هەناسەی هەر نەدابوو
کە مرۆڤەکان.. کۆتاییان هات..
بەڵام فیل تا دەهات گەورەتر دەبوو

# جوانی
# له پیاسه‌کاندا

وەک نەی لە پەڕی کتێب هەڵدەڕژاو دەبوو بە هەڵم، وەک باران دەهاتە خوارەوە
ئەفسانەیەکی ئاوی بوو دڵۆپ دڵۆپ ئەفسوونی خۆی دادەگیرساند
کەنار کەنار حیکمەتی خۆی دەبەشیەوە
ئێستا لە دڵۆپە ئاوێکا سەیری تەرمی جوانی دەکا
پەڕە ئاویەکانی رۆحی وەک مانگ دەدرەوشێتەوە
باشووکەییێکی ئاوی بوو حەزی لە تەلارە دێرینەکانو لەتاقە بەرزەکان دەکرد
وایدەزانی ئاسمان شوشەییێکی شینەو مانگیش روومەتی فریشتە

کە ئەسکەندەر کانیاوەکانی پڕ بریسکەی شمشێر کرد
ئەو کاتە ئەو دڵۆپە ئاوێکی نێو ئاسمانو زەوی بوو
خەمگینترین براوەو بەختەوەرترین دۆڕاو بوو
لەگەڵ بۆلیڤار لەسەر مێزی لاتین گۆرانیان دەگوتو شەرابی سەمەرقەندیان دەخواردەوە
هێشتا قسەی لەگەڵ میدیا نەکردبوو
مێرگێکی سەوز بوو هەمیشە بانگی پاییزی دەکرد.. پاییز.. پاییز
دەستێکی لە باکوور یەکێکی لە باشوور
ئەو کاتە فاتیمە لە ئاوەکانی خۆراوا هەڵدەڕژایە کەنارەکانی جوانی
ئەو دڵی دابوو بە خۆرهەڵات
لەو رۆژەوە باخچەی کتێبەکانی بابل سووتا
مۆمە جوانەکانی نیپال لە پەرستگاکانی بوزا کوژانەوە

ئەو هەمیشە لە گۆرانیەکان دەگریاو لە گریان گۆرانی
دەگوت
لە جامی ئایدیادا شیریماینی دەخواردەوە
لە کوانوی خۆر نوری خواوەندی هەڵدەمژی
کوختەکەی لەناو لەپی قەڵا و بیرازی ئۆڤیلیا بوو
هاواری زەینەفۆن رماندی
هەمیشە سەیری ئاسمان دەکاو شوشەی ئایینده دەشکێنێ
دەگەڕێتەوە رابردوو کە هێشتا دووکەڵی ئاگری موغەکانی لێ
هەڵدەستا
هەزاران زریزەی ئەڤینی لە کوپەی دڵی داناوە
یادەوەریەکانی کۆمەڵە مەرجانێکی رژاون لە باخچەی کچە
رووتو قووتەکانی کتێب

هەڵگری پەیامی جوانییەلەناو کۆڵانە ناشیرینەکاندا
عەتری ئاگاهی بوو لە بارەکانی ئۆدیسۆس دوای شەڕەکانی تەڕوادە
سادە وەک گیا شیلەییەکانی بنی دەریاو ئاڵۆز وەک گەمەی منداڵ
کە بۆ رنینی سێوی عەشق دەگەڕایەوە ناو کتێب
کە بۆ چنینی شیعر دەچوو سەفەری خۆی دەستپێدەکرد
دۆستایەتی لەگەڵ برینی کۆن هەبوو
هەمیشە دەچووەماڵی کچە تیرهاوێژەکانی قەفقاسان
هاملێت بوو لە یەقینی ئاڵ
ئاوێکی تەنک بوو لەناو رووبارێ لە مەحاڵ...


کتێبی نە

گەوهەری
٤

# خۆرئاوای
# قوڵینگەکان

هێشتا هەڵۆ بە یەکەم چاوتروکانێ
ئاسمانی دانەگرتبوو
رموزنەی خەو لەنێو باڵی
باشووکەی قەڵا بەرزەکان نەمردبوو
کە دەستێکی نەرمو نیان
ورتەیەکی فریشتەیی
رایتەکاندم لە خەوێکی نکاڵ مەرگی هەمیشەیی
کە سەیری باڵای سەرم کرد
دەستی پڕ میهری دایکم بوو
وتی زووکە
ئاسمان دیلی رەوە مەلێکی وەک بووکە
قولینگ وادێن تێدەپەڕن

سەفەرێکی دوورو درێژیان لەبەرە
گەروویان بە لاوکی کۆچ داغکردووە
لەمێژە شەو لەنێو دەنووکیان مردووە
وتم ئۆخەی
ئەوە قەتێی یەکەم ئەوینم پێکرا
کاشکێ دەمزانی کە قەفتەی
خەنجەری ئەو زامە چۆن بوو؟
هەر لەوساوە هەناسەیەکم هەڵکێشا
هەناسەی برینی کۆن بوو
رێی سەختو دامێنی تژیان وەبیر هێنام
بازی کۆکو هەڵۆی زیخی نێو دەروونیان بەجێهێنام
زۆر لەمێژە من سایەدی پەیامێکم
قوڵینگان ببینم بێنەوە

شاتەختی هامۆن جێبێڵن
یا ئەو دەمانەی کۆچ دەکەن
بۆ ئەو رەوەزە شاخانەی بەدوای وێڵن
ئەویستاکەش لەژێر تاوەتیشکی خۆرا
چیا هەر دەڵێی شووشەیە
کەڤرەکان دەبریقێنەوەو
لەنێو چەما سەما دەکەن
دووکەڵکێشی سەربانەکان
ئاهی ساردی چیرۆکی بەر ئاگرودووی شەو بەبا دەکەن
پەنجەرە یەک یەک دەبنەوە
داوێن خاڵ خاڵ لوتکەکان سپی دەچنەوە
نەرمە بایەکیش هەڵدەکات
هەرچیم هەیە لە ناخەوە دەکۆڵێتەوە
قوڵینگەکان قوڵینگەکان
بۆ لەلای من قرار ناگرن
هەمیشە حەزتان لە گەوەو هەڵەموتی تووشی رێیە
ئێوەش وەک من بێ حەوسەڵەن
لەگەڵ کۆچی هەر مەلێکا
رووبارێ فرمێسکم پێیە


کتێبی نە

ئێوەش وەک من دەستی گراوی خۆ دەگرن
کە غەریبیش دەتانگرێ سەر هەڵدەگرن؟
بۆ لەلای من ئۆقرە ناگرن
ئێوەش وەک من
بۆ مەرگی ئەزیزان دەگرین شین دەگێڕن؟
تاولی‌و رەشماڵان تێک دەنێن؟
یا بۆ کۆچێکی یەکجاری چاو لێکدەنێن
خۆ من زیوی چاوی ئێوەم بە کلۆری
هیچ شتێکی ئەم سەر زەمینە نەداوە
هەتا ئێستاش شاپەڕی تاووسی ئێوەم
کردۆتە ئەوینبەندی خۆم
لەنێو پەراسووما ناوە
هەتا ئێستاش جێتان گلێنەی چاوە
مەڕۆن قولینگەکان مەڕۆن
ئێوە خەڵکی کام وڵاتن؟
ئاوا بەلەز کۆشکی خەیاڵم دەڕمێنن
نا... نا مەڕۆن
تا بۆ دواجار شەختەی تەنهاییم بشکێنن

# میوان

گوڵەکەم تاقە زێدو گراوی خۆم
لە پەنجەرەی دارینەوە زۆران شەوو رۆژ رابردن
زۆر میوانی خۆم بەڕێکرد
بە چاوی پڕ فرمێسکەوە ماڵئاوایی خۆم لێکردن
گوڵەکەم تاقە زێدو گراوی خۆم
وا بخوری سەر گومەزی پیاوچاکان دادەگیرسێنم
میوانی من لە چیاوە دێن
لە درەختو گەڵاوە دێن
هێندە پیرۆزو موقەددەسن
لە جەستەی هەڵۆی بە بادا دەگەڕێن
گەڕانەوە زۆر ئەستەمە
زۆرم لە دڵدا گرانە ماڵئاواییتان لێبکەم
وەکو ژەهری ئەستێرەمژ
وەکو شمشێری دوو تیغی بێگوناهکوژ

وەلێ ئاخ دەروونم نرکەی دێ و
نرکەکوژ هەر زاڵە
وەلێ ئاخ برینم هەر گەرمەو
تیماریش لە چڕنووکی داڵە
موویان لێدێ، من دڵنیام موویان لێدێ
موویان لە سپێنەی چاوان دێ
من دڵنیام موویان لە لەپو لێوان دێ.


کتێبی نە

# چیای خەون

خۆم لە لمی کەنار وەرداو پەنجەکانم تەڕ کردەوە
قەت ئەوەندە مەستی بۆنی خاک نەبووبووم
لە نهێنی بێ ئاگایی ڕۆنەچووبووم
زەوی تامی ڕەگو ریشەی برینی مێژووی لێدەهات
چرای بەختم هەڵدەگیرساو دەکوژایەوە
ئەستێرەی سەفەری سەختم لێهەڵدەهات
ئەستێرەی بەختم کەوتە ژێر کەپکە شاخی خەمێکی قووڵ
تانە کەوتە سەر گلێنەی ئاواتی دوور
ڕووبارێکی زۆر خەمگینە ئاوی لە ڕەنگی من دەچێ
گزنگی بەرەبەیانیشی لە لێدانی دڵم دەچێ
کەم کەم ئاسۆی خوێنی دڵم لەگەڵ دونیای خۆت هەڵگرە
ئەی پاساری بەختەوەری باڵت هەمیشە هەر شلە

له دەروونی من غەریبی
بە بەرچاوما رادەبوری‌و بەڵام هەمیشە تەریبی
لەمێژە ئەم سینە تەنگەم
خورپەی گەرمی لە دەماری خۆی نەدیووە
درەختی لێکدانەوەشم لەژێر شەختەی رێ تەزیووە
ئەی رووباری شەپۆل وردو هێمن ئەدگار
پەنجەرەی رێگەم بکەوە
گەڵای سەر لقی درەختان
دەڕژێنە سەر سینەی بێدەنگو خەفەتبار
گەر لە نهێنی دوا رێژگەی خۆت گەییبا
تەمی گیانی ئەو کەنارەت ئاوەها نەدەشوشتەوە
کۆچی دواییت لە سەرچاوەی خۆت نەدەکرێ‌و
هەمیشە گۆرانیت دەچڕی
کە هەوری لوتکە دەبینی دەڵێی ئۆخەی!


کتێبی نە

دیارە دەتوانم ئەم خاکە لە بەخششی خۆم رازی کەم
کە تەمی لوتکەش دەبینی دەڵێی ئۆخەی!
دیارە دەتوانم دووبارە
بگەڕێمەوە سەرپشتی ئەم خاکە جوانو خەمبارە
من دەزانم ئەگەر هەور بێ یا باران
بەفر بێ یاخود تەمتومان
تۆ هەر وێنەی بەخششی خۆت دەنەخشێنی
کۆترێکی بۆ دیداری داهاتووی دوور دەگمێنی
بەڵام منی مرۆڤی رووت!
قەت لەگەڵ تاسەو ئاواتم نابم بە جووت
تروسکەیێ لە ئاسۆدا دەردەکەوێو دەرناکەوێ
ئەویش ئاواتێکی دوورە، زۆر دەترسم
مەرگی خۆمی پێشکەوێ!

## چاودێری

هەموو دەمەو ئێوارەیەک
وەکو شنەی گوڵەگەنمی تازە فەریک
خۆی دەخستە باوەشی ڕێیەکی تەریک
لە دووندێکی دوور ئاوایی بە تەنها خۆی دەبینیەوە
لەم ئاوەدانییە دادەبڕاو
لە کتێبی ژینی ئێستای خۆی دەبۆوە
لەگەڵ رابردووی خۆی دەژیا
بە یادو ئازاری زۆری ڕۆژانی زووی دادەچۆوە
زۆر کەڕەتان هەتاوی لێ ئاوا دەبوو
دەخزایە نێو تاریکی کەڤرو درەختان
گازەرەی پشتی ڕوودەچوو
لە زەنوێری خوناوپەخش و

کەپکەی نێو راستاییو تەختان
هەندێ جاریش هەڵدەدێرایە نێو جۆگەی
پڕ لە بەردو زیخی بەرگۆمو کانیە ئاو
یا وادەبوو شانو پشتی دەکەوتنەبەر
لەنگێزە بارانی ناکاو
ئەوینو تاسەی لە هزری خۆیا دەچنی
دەکەوتە دوای کۆلارەی عومری بابردوو
بەخۆو بە شمشێری دڵی دەکەوتە گیانی رابردوو
(ئەلێرە بوو یەکەم گراوی مانگ ئاسای خۆم دۆزیەوە
ئەلێرەبوو یەکەم جار ئەو دڵەم سووتاو
نۆبەری خۆم بە خاک سپارد
سوێی جگەرم لێکەوتە رێ)
دەشزانم هەر لێروکانە

ئێسقانم وردوخاش دەبێو گیانیشم سارد هەڵدەگەڕێ
بیرم هاتەوە چەند هەورو مەلی ئەو ناوەم دەبینی
بەم کۆسارانە رەتدەبوون
چەند جاران کۆڕەومان گرتووە بۆ لوتکەی دوور
بەفرمان بەسەر باریوە
گوێی خۆمان قوڵاغ کردووە
بۆ لوورەی کرمە بەفری سوور
هەر ئەوسا بوو پۆڕمان دەدیت
تازە باڵیان تووکی دابوو
پووشیان لەبەر مشاری دەنوکیان نابوو
(ئەلێرە بوو
گڕم لە فریزی حەسرەتی خۆم بەردەدا
یەکەم ئەوینم داگیرسا
هەر لێرەش بوو داو گۆرانی ماڵئاواییمان دەچڕی
ئیدی دەستمان لێک بەردەدا)
راوی ئاسۆی دووری دەنا

لەولاشەوە تیلاکی لێ لار دەکردو
ورد ورد دەهاتەوە نێو دێ
هەرچیەکی دەهاتەبەر
چیا چیا... تاوێر تاوێرو رێ بە رێ
رابردووی ئەویان لەخۆدا دەشاردەوە
بۆ هەر یەکەشیان رایدەکرد
سەرابیان لە مشتی دەنا
دەستبەتاڵیان دەناردەوە
هەموو دەمەو ئێوارەیەک
سەری پڕ هزری هەڵدەگرت
گەرمو رووخۆش بە دڵی پڕ حەزو بریا
کە تاریکیش دادەبەزیو دەهاتەوە
هەناسە ساردو خەمزەدە
هەتا بەیانی دەگریاو
کەسیش لە دەرگای نەدەدا

## ئاسوودەیی

گەلێ جار پەنجەی من لە بەفری کۆساران تەزیوە
زریانی ناوەختان هەناسەی بڕیوم
تەمی خەستی لوتکەو بناران
رێی داومە هەڵەموتی سەختو
کەوڵە پێستی لەبەر دڕیوم
دۆلایی رکی زۆر زنارو خەرەندان
قەتماغەی کۆنەبرینو کولی
وەک کرۆسکی شاخان لەسینە رنیوم
بەڵام من ئاسوودەم بەوەی کە ساڵانێکی دوورە
تاپڕی شکارم دەخوێنێو
ئاسکێ نەکەوتۆتە بەرماشەی دەستم

کوکوختیش لە سیمای ماندووما
ترس داینەگرتووەو لە لانە نەجمیوە
کەس بە قەد چاوەی من سێرەی ساو نەداوە
بە قەد من تاوێرو تەلانو هەورازی بن پێی نەڕماوە
بەڵام زۆر دڵخۆشم
چون تاکو ئێستا
مێرگی سەوزو پڕی هیچ نسێو بنارێ
لە سایەی ئەوینم
گەلێ خوێنی بەسەر گلیا دانەڕژاوە
ئەوەی من دەیپێکم لە دووررِا دەیناسم

هاتووە بروسکم لە چاوان بڵندکا
بۆی بلوێ هەڵۆی نێو هەناوم گڕدەدا
ئەوەی من دەمەوێ چەمو شاخی لەسەر گاڵەدەم
زۆر راوچی وەک منی پێکاوە
گەلێ جار درەختم لە سووتانا دیوە
گۆڕم بۆ پیاوی رەند لێداوە
رێی سەختم لە ئەشکم بڕیوە
چوومەتە سەرخۆشی عاشقان
لە باتی ماتەمو بێدەنگی
ئاگرم لە پەندور بەرداوەو گۆرانیم چڕیوە!
بەڵام هەر چەند جارێ هەڵۆیێ دەبینم
پێدەکرێو شەلاڵی خوێن دەبێ
پڵنگی دەروونم سڕ دەبێ لە تاوان
چی بەربەستی ژینە چۆک دەدا
لە بەرامبەر ئەم فرمێسکە گەشەی دەگلێ لە چاوان

گەوهەری
٥

# ئازارستان

هەر سپێدەیەک رادەبم دەمارێ لە ئەژنۆم دەپسێ
هەر نیوەڕۆیێ رەتدەبێ تلێ لە بڕبڕەی پشتم بەناچار
وردوخاش دەبێ
هەر ئێوارەیێ تار دەبێ بە هەواڵێ چەمێ لە لەشم ئاڵ دەبێ
هەر سپێدەیەک رادەبم جگەرگۆشەییێکم لەشی پڕ لە
پەنجەرەی ئاڵ بووە
هەر نیوەڕۆیێ رەتدەبێ هاوسێییێکم لە پرسەی ئازیزێکی
دانیشتووە
هەر ئێوارەیێ تار دەبێ کوژرانی دۆستێ دەبیستم
هەر سپێدەیەک رادەبم گەڵایێ لە خەونی پاکم دەوەرێ
هەر نیوەڕۆیێ رەتدەبێ کتێبێکی خۆشەویستم لێ ون دەبێ
هەر ئێوارەیێ تار دەبێ قەڵەمێکی باڵابەرزم شەهید دەبێ
هەر سپێدەیەک رادەبم کارەخەمێ شارەکەی من رادەژەنێ
هەر نیوەڕۆیێ رەتدەبێ ئەشقیایێ کەڕەنای مەرگ دەژەنێ
هەر ئێوارەیێ تار دەبێ تیرەمارێ ژەهری رەشی خۆی
دەڕێژێ
ناچارم ناچار یا دەستم بخەمە بەر ئەژنۆی زەمەن
یا بچمەوە نێو ئەو کونجەی پێکەکانی فێری پێکەنینم
دەکەن

## بیـابـان

خەم بەسەر خاکو خۆڵەوە
تەم بەسەر وەردی مس ئاسای نێو بیابانی چۆلەوە
تەنها تاقە مەلێکی دوور بەسەر خوێنمەوە دەخوێنێ
میواندارە ئازیزەکەم کەوانەی راوی خەمی خۆت
لە دەنووکت بترازێنەو بە دیاری بۆ من جێبێڵە
ئەوا گەرمای دۆزەخ کەڵبەی لەگۆشتی من گیرکردووە
نێڵەی ئاگر برینی من دەلستەوە
زۆر لەمێژە خورەی چیا لەنێو دڵی من مردووە
مەلی گیانم باشووکەیەکە لە کەرنەک هەڵدەکروزێ
تەمتومانی هەورە تریشقە هەواڵی تازەنەمانی میری زەمانم
بۆ دێنێ

هەنە وەک من دواقەفتەی شمشێری گیانیان گرتۆتە دەست
دڵیان هەنجن هەنجن دەبێ
هەنە وەک من لە خاچی باڵۆرە دراون
جگەر لەتاو کون کون دەبێ
بەسەر لمی ئەم بیابانە دەتلێمەوە
نەسێبەرێ بەدی دەکەی نە پەنایێ دیارە بۆ سێبەر
وەڕسی ئەم بیابانە هۆنراوەییێکی مەزنە لە لمو چەو
هەڵکێشراوە
لە پسدانی ئاگراوی تۆزو بادا لە دایکەبێ

له گەرای ژێر گەرمای ناو زیخو چەوەوە روومەتی پانی ئاڵ
دەبێ
لەگەڵ ئازارو شکانەوەی دەروونم بەرد دەجمێو چیا دەهەژێ
با بۆ دارستانو جەنگەڵی دەڵێتەوە
سەراب بۆ زەوی ئاگری دەگێڕێتەوە
من دەبمە سوارێکی نێو تۆزێ غوربەتو ژانی ئەستوور
ئۆدیسۆس ئاسا دەگەڕێمەوە ئەو شارەی هیچ کەسێ
نامناسێتەوە

ئەوە نەبێ مەزنترم لەو سوارانەی کلیلی خودایان پێیەو
داستانی دۆزەخ بۆ خەڵک دەکەنە پەینی چیایی
لە ئاستانەی مێژوودا بەسەر بەرزترین پەیژە دەوەستم
وەکو شەختە گریانی قووڵو بێدەنگی هەڵدەبەستم
دەبوایە من لەو بیابانە ئاوارەبم
ئەی لمی پانتایی مێژوو ئەی سەروەری فرمێسکی چاو
چی دۆزەخو خەفەت هەیە بۆ من پەنجەرەیەکە لە ئاو
چاوی مرواری ئەو ماسیە تیا دەبینم
کە جوانترە لە تەمەنی هەزارساڵەو لە بەژنی درێژی خۆشی
لەو دەستەی لەژێر تەنوری بوردەگیدا پاڵ دەکەوێ

لەو هەتاوەی لە پاش بارانێکی تووڕە
وەکو کۆرپەیەکی ساوا لە دایکە بێو دەردەکەوێ
بیابانە هەمیشە بیابان
بۆ من خاشبوونی ئێسقانە پەنجەرەیەکە دەڕوانێتە
دۆزەخەوە
رێگایەکی داخراوە، مەرگاوێزە
وەکو ئەکتەرێکی گەرم دەوری بێدەوری دەگێڕم
وەکو ئەو سەرە مەزنانەی بەسەر کتێبەوە بەندن
وەکو ئەو سوارە مەستانەی
ساتێ مردوون ساتێ خەیامێکی رەندن
هەموو شتێ لەم لمەدا روودەچێتو دەتوێتەوە
تەنها لولاقی تەقەللای دڵم نەبێ

لەژێر چەوەوە لێدەداو دادەخورپێ
گەورەترین بروسکەو هەورە تریشقەی ئەم دنیایە
دەبێتە کۆتری ترسو لەسەر شانم هەڵدەکورمێ
کەنارەکان تەی دەکەم هەمووی هەر کەناری زیخەو بەردی داغە
کە بیابان لە باتی پشی گەرم هەڵیاندەمژێ
دراکۆڵایە بەبێ وەستانو دوودڵی نزمترین شەپۆڵی ئەم لمە
بەرزترین ترۆپکی خوێنم دەمژێ
ئەمە سوورانەوەی ژیانە یا بە مردن لە خاچدانە
کەناچەیێ دیارنییە بەسەر سەرمەوە بسوورێو
ئایەتی شیعرەکانی من لەبەر بکاو بگەڕێتەوە لێواران
هەژارێکیش دیار نییە قەڵای ماندوو بوونم بباو
بیکا بە مەقسەڵەی برسیەتی ئێواران


کتێبی نە

ئەمانە هەمووی ئاگری رقی منە، شکایەتی خوێنمە
شکایەتی دڵنیاییو ئومێدمە.
من ئەی سەرابی سەرانسەری ئەم زەمینە
دڵنیام لە هاتنی خۆم ...دڵنیام ناپەڕێتەوە
دڵنیام لەوەی کە تازە لولاقی من بۆ لەشم ناگەڕێتەوە
روخساری ئاویم هەنسکی ئومێد دەبەخشێتە فەزای یەکجار
بەربێتەوە
دەنگی هەناسەم مژدەیە بۆ ئەو بێدەنگیەی لە دەروونی
خۆتت شاردۆتەوە
جولانەوەم دەستێکە بۆ تەکاندانت
خەونێکە بۆ ئەو خەوەی کە هەزار ساڵە هەڵدەکشێو
ناڕەوێتەوە

تۆش ئەی گیانە سەرکێش‌و تەمەچڕەکەی سەرشانم
گەردوونمان پێکەوە بەندەو بەڵام ویستمان زیندووە
سیمرغی ـ خوری تەورێزە ـ
بەسەر شان‌و ملی مەولانای دڵمانا هەڵاتووە
خۆم نادەمە دەست تاعوونی بێدەنگی‌و پەتای دوودڵی
خوێنم هەر دەبێ بە مەلێ چاوسوور بکا لە گریانا
باسی تەختی میرایەتی گیانم بکا بەسەر خۆڵی بیابانا
هاکا هەموو شتێ سەنگی خۆی لە دەستبداو ئاگر بەربێتەوە
ڕەنگەکان
پێکی چاوم بخۆمەوە


کتێبی نە

ئەوسا دەچمە دوا سنووری مەلەکوتی ئەو فەزایە
چ شتێ لە بینایی ئێستای تەمەنم سافترە
ئەسپی سپی ئەو ئەشقەی من... بڕوانە
چۆتە سەر کام کەپکە شاخی بەرزی مێژوو
وەکو ئەو ئاسکە کەسکەی لەنێو ڕەوەزێکی سەوزا
هەڵیدەنە ناو سەحرایێ
گۆرانی بۆ بێچووەکانی خۆی بچڕێتو
شێت بێ لە حەسرەت چیایێ
بیابانە... هەمیشە بیابان
لە من نێچیر لەویش ڕاوە!
هەموو شتێ چاوەڕوانی مەلە دەکا لە دەواری ڕایەکانم
من دوو باڵم

نیوەی دڵم بنیاتو ئەشقو ئەوینو سەرخۆشییە
نیوەکەی ترم رمانو ئاژاوەو خەفەت نۆشییە
لەناو شەوی بیابانا لەگەڵ ئەم گەردوونە تاڵە
هەموو شتێ لە بوونی من ناڕازییە
بالیەی شێتانەیەو تروسکەی شمشێربازییە
من دوو باڵم
باڵێکم لەشی ناسکی بەر مانگەشەوی کچێکە شەهوەت دڵی لێسەندووە


کتێبی نە

باڵێکیشم کافووری بیابانێکی شەهوەتکوژە
نەخشەی فڕینی یەکجاری لە ریشی خۆی هەڵکەندووە
ئەی بازرقەی دەروونی من تۆ دامرکانت بۆ نییە
کێ دەزانێ من لە کام تروسکەی ئازارا لەناو دەچم
لە کوێی مەرزی بەرگەگرتن لەدایکەبم؟
چۆن لە پۆپەی چیای شێتیم وەخوار کەوتم؟
ئەو کاتانەی هەموو پۆلیەی گەشی برین دادەمرکێن
دەبنە خۆڵەمێشی بەرپێت

لمی بیابان دەتوێتەوەو گیابەند دەڕوێ
منیش دەکەومە نێو چەقی ملیۆنەها ئارەزووی شێت
خەنجەری لولاقم لە کالآنی ئەم بیابانە رادەکێشم
بەناو پانتایی رادەکێشم پەنجەرەی بوون دەخەمە سەر
گازەرەی پشت
سەیری خەونەکانم دەکەم دڵم دەگریو دەتوێتەوە
وەکو سمۆرە زیتەکان بە بەرچاوم رادەبوورن، تۆزێ خۆم لە
بیردەکەم
لەم دونیایە کە تاوانی وەکو بەلەمێکی پیرۆز بە بەرچاوان
دەخولێت

ئەوسا کێ دەزانێ کە من لە بیابانا تەنهام‌و
لە تەنهایی دەبمە شای غەریب‌و نادیارەکان
شمشێرەکەم وەڕسییە لە بەرجەستەی خۆمی دەدەم
تەختەکەم برینی لەشەو تاجەکەم سەرکێشی گیانە
دەبریقێتەوە
تاوانکاریش ئەو مەسیحە رۆح پاکەیە لە تابووت دەریدەهێنم
لە خاچ‌و میخکۆیی شەوانی پڕ نوری خۆمی دەدەم
ئەی خوای ئەم بیابانە چۆلە کە چۆڵترە لە گۆڕستان
کە چۆڵترە لە ساتی دوای دەست لێکبەردان
گەرمترە لە مەودای نێوان دوو سینەی ئەویندارن
ساردترە لە ژەهری قسە کە دەڕژێتە ناو درەختی بەهرەداران
لە مارشی پرسەو تەرم دەچێ
دەبا هەرچی مەرگو رووبارو چەم هەیە لە تێنوێتیت کەم
بکەن

لم بەندی بەر پێی تەمەنی چۆڵم بسمن
ئێستاکە سەرم تۆپێکە لە مەیدانی مەرگو سەرکێشی
دەخولێتەوە
برومیتۆس منم، بەڵام ئاگرم نەدزیوە
بیابانیش ئەو دڕندەیە کە داڵی تیژو گەردەلوول
لە هەستو سینەم گیردەکاو خوێنم دەخواو دەخواتەوە
گەرما وەک کرۆسکی دەریایێ دەیشواتەوە

من قەرەجی چۆڵنشینی ئەم هەوارەم جوانترین گۆرانیو
بالۆرەی خۆی دەبێژی
جوانترین شیعری خۆم لە گۆڕی خەفەتی مێژوو دەنێژم
باسی مردنی خۆم دەکەم بۆ زیندوویێتیم
هەموو شتێ لەم بیابانە گۆڵەسەگە
لە قاوغی نێو کپیدا لە خاچدراوە
منو بەردو خاکو خۆڵو کرمی ناو خۆڵ
دیلن بە دەستی مەداری یەک گەردیلەو یەک مۆلیکۆڵ
منو شیعرو مەزنیو شاو هەژارو دۆم
منو خۆم، هەر بە تەنها یەک یاسا دەمانخاتە دەمی خنکان
دەمانخاتە ناو مەلەوانی قورو چۆم
دەبقیژێنە ئەی وێژدانی مەلاوی ئارەزووی پاکان

ئەم بیابانە لە زمانی هیچمان ناگا
ئەم بیابانە شەوی درێژی ژیانە!
لە پانتایی ئەم بیابانە ترسبارەدا وەستاوم
وەکو ئەوەی کە بیەوێ بەر لە با بگرێ، گوێ بۆ گۆرانی
خنکان رادێرێ
یا بەلەمێک رەنگ بکا نغرۆ دەبێ
قسە لە دەم سەرەمەرگی هەژارێکا بقۆزتەوە
یا لە هەوادا باز بداو لە چەقی ئاسمان بووەستێ
لەتاو هاودەمێ باڵ بگرێ
وەکو ئەوەی عاشقی رۆژ بێ شەو بمرێ
ئاوەها من لەناو دڵمدا پیر بوویمو تەمەنم بەسەردەچێ
لە پانتایی ئەم بیابانە ترسبارەدا وەستاوم


کتێبی نە

لێوەکانم گیای تێنوێتیان لێ رواوە
چاوم ئاوەدانی مەرگباری لێنیشتووە
پێیەکانم مووی شەکەتیان لێهاتووە، چۆڵی هەستم
دەسڕێتەوە.
ئاوەها من دەگەڕێمەوە پسدانی ئەم سروشتە ماڵیخوڵیایە
ئەو سروشتەی منی زۆر بە سەختی هێناو
زۆر سووکو هەرزانم دەکرێتەوە

دەگەڕێمەوە یەکەم زیرەی لە دایک بوون
وەکو ئەو سایەم لێدێ کە تازە پەڕوپۆ دەبێ
بەرتیری تەمەن دەکەوێو بۆ خەرەندی بێ سەروشوون
ئەی سەرابی بیابانی مەرگ ئەی چەوی داغ
ئاسۆی ئەم ئێوارە بگرەو مەهێڵە چیتر ئاوابێ
با هەر لەشت خوێناوی بێ
کەزی ئەم خۆرەتاوە راکێشەو با بێتەوە
مەلەکان بانگکەوە با دووبارە گۆرانی تەنهایی بچڕن
من بێزارم لە ئاوابوون بێزارم لە رۆژ بەسەرچوون
من بێزارم لە هەزار جار مردن هەر بۆ ساتێ لە دایک بوون
گۆڕانێ لە خوێنی مندا هەڵبهێنجە
ئەم کەونە سەرەوژوور کاتەوە بۆ ترۆپک


کتێبی نە

شەفەقێ لەسەرم گیرکە تاریکایی ئەم زەمینە کورکاتەوە
دێوەزمەی ـ راسکۆلینکۆف ـ ی ناو دڵم بێتە سەرچۆک
لەشم بۆتە دوو کەرتەوە
کەرتێکی کێڵگەی وەرداوی نێو لمی هاری بیابانە
کەرتەکەی تریش هەستو نەستە، خۆرو خەونە
سندوقی مەرگو خەفەتی کەونە
من ئێستا نیوەم بیابانە
نیوەکەی ترم بە گۆرانیو گوڵی لۆتس ئاوەدانە
من باڵندەی ئەفسانەییم راستیم لەنێو باڵم ناوە
من نەبوونم هەبوونم لە دڵم ناوە
ئەی (وانی) نێو لمی بیابان
وەرە باسی گیابەندو رەزی سەوزو سوورم بۆ بکە

باسی جەنگەڵم بۆ بکە، گەڵای ئارامم رزیوە
من بیزارم لەو سیمایە کە وەک مردووی هەڵوەریووە
ئەی بیابانی ئاوەدان بە سەرابی شین
تۆ لە وەڕسی چنراوی
یا لە داوی درێژی مەرگ؟
کێ دەتوانێ لە خوارکەوتنا بگا بە ناو سێرەی ئاسمان
لە سەرکەوتنیشا بگا بە ناخی زەوی؟
کێ دەتوانێ وەک من نەرمو بێ بەرد ئاسا
رەق بێ وەک روومەتی مناڵو دڵ ئاسا

حەزم لێیە بەر لە مردن پەی بە ماهیەتی خۆم ببەم
وێڕای مەلە جوانەکانی (عەتار) کەوم
پرسیار بۆ خاتوو هودهودی خۆم بەرم
ئای چەند سەختە، چەند گرانە ژاڵەیە ژەهری هەلایە
بۆنی شەڕو پرسەی مەرگو شیعری لێدێ
ئەسپی خۆم تاودەدەم
چەند بچمە نێو ناخی ئەم زەویە خێواوە
ئەوەندە مەست دەبم
تا تووشی شاژنی هەست دەبم

من دەبێ بگەمە دەریایێ
ئاوازی خەمی خۆم بکەمە بارانی سەحرایێ
مۆری ئەو برینەم دەدەم لە قژی تۆ
دەیدەم لە بەردی گەرم، خاکو خۆڵ
سەرابێ ناو دونیای چۆڵو هۆڵ
لەشی من دوولەتە لەتێکیان هەر شەوەو ماتەمیو سێبەرە
مانگ گیران، رۆژگیران بۆ کاروان رێبەرە
لەتێکیان هەر رۆژەو ئاهەنگو هۆنراوە
بارانو گوڵەگەنمو کوێستانو هەتاوە.


کتێبی نە